# پێگەو ڕۆڵی حەشدی شەعبی لەناو سیستەمی سیاسی عێراقدا
# لێکۆڵینەوەیەکی سیاسی شیکارییە

# The position and the role of Popular Mobilization Forces in the Iraqi political system
# A political & analytical study


یاسین ئاشوور جوهر

Yasin ashur jawhar

yasin.ashur@garmian.edu.krd

Department of Geography, College of Education, University of Garmian, Kurdistan Region, Iraq.



**پوختە:**

بارودۆخی سیاسی، سەربازی، ئەمنی، ئابووری، کۆمەڵایەتی لەدوای سەرهەڵدانی (داعش)و دواتر کۆتایی هاتنی ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستیە لەعێراقدا؛ گۆڕانێکی چەندایەتی وچۆنایەتی بەسەردا هات. یەکێك لەگرنگترین ئەو گۆڕانکارییانە بەهێزبوون وسەرهەڵدان ودروستکردنی چەندین میلشیای تایفی وحزبی ودەستەو گروپی جیاواز جیاواز بوو لەم وڵاتەدا، کەدواتر زۆرینەی ئەو میلیشیایانە لەناو دەستەی حەشدی شەعبیدا کۆکرانەوەو لەلایەن مەرجەعی ئاینی ئاینزای شیعەوە ڕەوایەتییەکی ئاینی ولەلایەن پارلەمان وحکومەتی عێراقەوە ڕەوایەتییەکی سیاسی ویاساییان پێبەخشرا. لەسەروبەندی جەنگی دژ بە (داعش)دا میلیشیاکانی حەشدی شەعبی ڕۆڵی بەرچاویان لەئازادکردنی ناوچەو شارە داگیرکراوەکان لەلایەن (داعش)ەوە گێڕا. لەپاش کۆتایی هاتنی (داعش)یش لەرێگەی پێکهێنانی ڕێکخراوی سیاسی ودواتر دروستکردنی کوتلەو هاوپەیمانی لەنێوان خۆیاندا بەشداری هەڵبژاردنی (ئایاری ٢٠١٨)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیان کردو ژمارەیەکی بەرچاو کورسی پارلەمانیان بەدەستهێنا. بەمشێوە سەنگ وبوونی خۆیان هەم لەرووی سەربازی وهەم لەڕووی سیاسیەوە قورستکرد بەجۆرێك کەپرۆسەی سیاسی لەم وڵاتەدا تارادەیەکی زۆر کەوتە ژێر هەژموون وئاراستەی سیاسی وستراتیژی وئایدیۆلۆژییانەوە. بەڵام لەپاڵ ئەمەدا چ هەڵوێستی ناوخۆیی یان هەرێمی یان نێودەوڵەتی دەربارەیان یەك هەڵوێست نییە وجیایە؛ ئەمەش وایکردووە داهاتووی ئەم میلیشیایانە هەمیشە پرسێکی گەرمی ناو هەموو دیالۆگە سیاسی ودیبلۆماسیەکانی ناوخۆی عێراق و، هەروەها نێوان ڕێکخراو و وڵاتانی هەرێمی ونێودەوڵەتی وحکومەتی عێراق بێت. ئەم توێژینەوە لەرێگەی سێ تەوەری سەرەکیەوە دەیەوێت تیشك بخاتە سەر ئەو لایەنانەی سەرەوە. تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئەو هۆکارانەی لەپشت سەرهەڵدانی گروپ و میلیشیا شیعەکانو حەشدی شەعبیەوەیە، لەگەڵ دەستنیشان کردنی کاریگەرترین و بەهێزترینی ئەو میلیشیایانە. تەوەری دووەمیش لەژێر ناونیشانی (هەڵویستە جیاجیاکانی ناوخۆ و دەرەوەی عێراق) دەربارەی میلیشیاکانو حەشدی شەعبی بەگشتی. تەوەری سێیەمیش تیشکدەخاتە سەر رۆڵ وپێگە وداهاتوویان لەناو سیستەمی سیاسی عێراقدا.


**پێشەکی:**

دوا بەدوای هێرشی چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق وشام(داعش)[I]بۆ سەر پارێزگا سوننە نشینەکانی عێراقو دروستبوونی مەترسی لەسەر بەغدای پایتەخت، گەورە مەرجەعی شیعەکانی عێراق ( عەلی سیستانی)، لە (١٣ یولیو ٢٠١٤) داوای لەعێراقیەکان کرد کە بەرەو جیهادی کیفائی(الجهاد الکفائی) بچن، لێرەوە ژمارەیەکی زۆر لەخۆبەخشانی شیعەی عێراق بەدەم ئەم بانگەوازەی (عەلی سیستانی)هەوە

چوونو، توانرا لەماوەیەکی کەمدا، چەندین گروپ و میلیشیای سەربازی دروست بکەنو، شانبەشانی هێزە نیزامیەکانی عێراق لەدژی چەکدارانی داعش، بجەنگنو چەندین سەرکەوتنی سەربازی گرنگیش بەدەست بهێنن.

بەدروستبوونی حەشدی شەعبی (The Popular Mobilization Forces)، ژیانی سیاسی وئیداری لەناو عێراقدا پێی نایە قۆناغێکی دیکەوە، قۆناغێك تێیدا حکومەتی عێراق وەك دامەزراوەیەکی فەرمیو شەرعی بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ، لاوازبوو لەئاست بڕیار دروستکردنی سەربازیو ئاسایشدا لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە هێزە سوننیەکانو تەنانەت کوردیش بەچاوی گومانو دوودڵیەوە لەم هێزە دەڕوانن، بەو پێیەی کە ئەم هێزە؛ هێزێکی تایفییەو زیاد لەسەرچاوەیەکەوە فەرمانی سەربازیو هاوکاری دارایی و لۆجستی وەردەگرنو، لەداهاتوودا دەبنە مەترسی بۆ سەر پرسی پێکەوە ژیانی سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیو ئاینیو فەرهەنگی لەعێراقدا.

ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە (٢٦ تشرینی دووەمی ٢٠١٦) بەزۆرینەی دەنگی ئەندامانی ئامادەبووانی دانیشتنەکە، یاسای پێکەوە بەستنی حەشدی شەعبی لەگەڵ هێزی سەربازی عێراقدا، دەرکرد. بەپێی ئەم یاسایە، ئیدی حەشدی شەعبی هێزێك دەبێت لەناو چوارچێوەی سیستەمی بەرگری عێراقیدا مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێتو، راستەوخۆ دەچێتە ژێر دەسەڵاتی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراقەوە، بەڵام لەرووی پراکتیکیەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو هێزو توانا سەربازی وهونەریو داراییانەی زۆریك لەم گروپە میلیشیایانە هەیانەو بەدەستیانەوەیە، ئەستەم دەبێت بۆ حکومەتی عێراق بەتەواوی بیانخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە، لەژێر یاساو رێنمایەکانیدا، کاربکەن.

کێشەی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لەرێگەی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەوە کێشەی توێژینەوەکە بخاتە روو:ئەگەر حکومەتی عێراق خاوەن سوپاو هێزێکی سیستەماتیکی فەرمیە، چی پێویستی بە هێزگەلێکی وەك حەشدی شەعبی هەیە؟

گریمانەی توێژینەوە:

ئەو گریمانە سەرەکییەی ئەم توێژینەوە کاری لەسەر دەکات ئەوەیە ئەگەر بێتو هێزی حەشدی شەعبی بەم شێوەیەی ئێستای بمێنێتەوەو هەوڵی چارەسەر کردنی نەدرێتو ملکەچی کردارەکی دەسەڵاتی مەدەنی حکومەتی عێراق نەکرێت، دەبێتە مەترسی گەورە بۆ سەر پرسی پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق لەلایەکو، هەروەها دەبێتە مایەی زیاتر ئاڵۆزبوونی پەیوەندییە دبلۆماسییەکانی عێراق بەوڵاتانی عەرەبیو ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەلایەکی دیکەوە. لەهەمان کاتیشدا دەبێتە هۆکارێکی بەهێز بۆ زیاتر هەڵوەشاندنەوەی رەگەزەکانی پێکەوە ژیان لەناو عێراقدا.

گرنگی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە چەختدەکاتەوە سەر ئەوەی کە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، وەك هێزێکی کاریگەر لەناو گۆڕەپانی سیاسیو سەربازی عێراقدا رۆڵو پێگەی گرنگیان بۆ خۆیان داگیرکردووە، لەهەمان کاتدا، ئەم هێزە؛ لەناو قەیرانی سەرکردایەتیکردنیو مەرجەعیەتدا دەژیت. هەروەها گرنگیەکی دیکەی ئەم توێژینەوە لەوەدایە تاکو ئێستا بەزمانی کوردی؛ بەشێوەیەکی ئەکادیمی باس لەحەشدی شەعبی وکاریگەرییەکانی نەکراوە.

ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجی توێژینەوەکە ئەوەیە کەپێگەو رۆڵی میلیشیاکانی دەرەوەی هێزی فەرمی دەوڵەت رونبکاتەوە، تیشك بخاتە سەر لایەنە باشو خراپەکانیو، ئەو جێکەوتانەی کەئەم جۆرە هێزانە لەسەر ژیانی سیاسی عێراق بەگشتی، هەیەتی.

میتۆدی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە پشت بە دوو میتۆدی گرنگی ناو زانستی سیاسی دەبەستێت، ئەوانیش هەردوو میتۆدی: شیکاری و وەسفیە.

پەیکەری توێژینەوە:

توێژینەوەکە پێکدێت لەسێ تەوەری سەرەکی، تەوەری یەکەم تەرخانکراوە بۆ باسکردنی ئەو هۆکارانەی لەپشت سەرهەڵدانی گروپ و میلیشیا شیعەکانو حەشدی شەعبیەوەیە، لەگەڵ دەستنیشانکردنی کاریگەرترینو بەهێزترینی ئەو میلیشیایانە. تەوەری دووەمیش لەژێر ناونیشانی (هەڵوێستە جیاجیاکانی ناوخۆو دەرەوەی عێراق) دەربارەی میلیشیاکانو حەشدی شەعبی بەگشتی. تەوەری سێیەمیش تیشکدەخاتە سەر رۆڵ

وپێگەو داهاتوویان لەناو سیستەمی سیاسی عێراقدا.

## تەوەری یەکەم: زەمینەی دروست بوونی حەشدی شەعبیو گروپە جیاجیاکانی

سەرهەڵدان ودروستبوونی هەر فاکتێکی سیاسی، ئابووری، سەربازی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، پەیوەندی راستەوخۆی بەهەلومەرجی ناوخۆیيو هەرێمیو نیودەوڵەتی هەر کۆمەڵگایەکەوە هەیە، رادەی کاریگەریو بەهێزی ئەو هەلومەرجانەش پەیوەندیدارە بەرادەی گەشەی هەمەلایەنەی خودی ئەو کۆمەڵگایەوە کە فاکتەکەی تێدا دەردەکەوێتو چەکەرەدەکات.

پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا، لەدوای روخانی رژێمی پێشوو لەساڵی (٢٠٠٣) لەسەر دەستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی، پێی نایە قۆناغێکی نوێوەو، بووە هۆی گۆڕانی فۆرمی دەسەڵات وشێوەی حوکمڕانیو، دەرکەوتنی هێزگەلێکی دیکەی سیاسیو سەربازی، کە لەخەباتی ئۆپۆزسیۆن بوونەوە گۆڕان بۆ هێزی دەسەڵاتو، ئەرکی دووبارە بونیادنانەوەی عێراقیان کەوتە سەرشان. پرسی بەدیموکراسی کردنو دەستاودەست کردنی دەسەڵاتو، فراوانبوونی بەشداری سیاسی بۆ تەواوی ئەو هێزە سیاسیيانەی لەعێراقدا بوون، کارکردن بۆ فۆرمەلەکردنی چەمکی هاوڵاتیبوونی عێراقیو، دووبارە رێکخستنەوەی پەیکەری دامەزراوە فەرمییەکانی عێراق لەسەر بنەمای تواناو فۆرمی مەدەنيو شارستانی، جێهێشتنی قۆناغی دەسەڵاتی تاکڕەویيو دیکتاتۆرییو، فۆرمی حزبی باڵادەست؛ گرنگترین ئەو بابەتانە بوون کە لەسەرەتای دەستپێکی ئەزموونی حوکمڕانی ئەم هێزانەدا هاتنە ئاراوەو، کرانە رووکاری گوتاری سیاسی وئاینییان. بەڵام بەدیوێکی دیکەدا، بە هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسی وئابووری وکۆمەڵایەتی وشێوەی پێکەوەژیانی نێوان ئاینو ئاینزاونەتەوە وگروپە جیاوازەکانی دیکەی ناو عێراقو، رادەی ملکەچبونی ئەجێندای سیاسی ئەو هێزە کاریگەرییانەی لەناو گۆڕپانی سیاسیدا هەنو خاوەن پێگەی سیاسیو ئابووریو سەربازی قورسن بۆ ئەجێندای وڵاتانی دراوسێی عێراقو وڵاتانی دیکەی ناوچەکەو جیهان، تەواوی ئەو ئامانج وگوتارانەی کە لەسەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتو بەڕێوەبردنی پرسی حوکمڕانی لەعێراقدا لەلایەن ئەم هێزانەوە، نەك هەر کاریان لەسەر نەکرا، بەڵکو بوونە مایەی زیاتر قوڵکردنەوەیان، دەرکردنیان لەرێڕەوی راستەقینەی خۆی، هەروەها پەراوێز خستنیان وهەڵگرتنیان بۆ کاتێکی نادیار. بۆیە لەدواجاردا، قەیرانێکی سیاسی وئەمنيو ئابووريو کۆمەڵایەتی وەها لەعێراقدا سەری هەڵدا، کۆی ئەم هێزانە مایەپووچ بوون لەچارەسەرکردنو تێپەڕاندنی؛ بەشێوەیەك عێراق بەکەمترین زیان لێی قوتاربێت. بێگومان تیشك خستنەسەر هەموو ئەم پێشکەوتنە سیاسییانە کارو مەبەستی ئەم توێژینەوەیە نییە، بەڵکو ئەوەی لێرەدا قسەی لەسەر دەکرێتو شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، ئەو پانتا سیاسیو عەسکەریو پەیوەندییە سیاسییانەیە کەبوونەتە مایەی سەرهەڵدانی حەشدی شەعبی لەعێراقدا. بۆ ئەم مەبەستەش، ئەم تەوەرە بۆ ئەم باسانەی خوارەوە دابەشکراوە.

### باسی یەکەم: زەمینەی سەرهەڵدانی حەشدی شەعبی

هەڵەیەکی ئەکادیمی ومێژووییە گەر سەرەتای سەرهەڵدانو چەکەرەکردنو دروستبوونی گروپە کۆوەبووەکانی ناو حەشدی شەعبی ببەسترێتەوە بەهاتنو دروست بوونی (داعش)ەوە؛ چونکە پێش دروستبوونی ئەم رێکخراوە چەندین گروپو میلیشیای سەربازی تایبەت بەمەزهەبی شیعە لەناو عێراقدا بوونیان هەبووەو، بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ، لەسەر گۆڕەپانی سیاسيو ئەمنی عێراق، رۆڵی گەورەو بەرچاویان، چی بەشێوەیەکی نێگەتیف یان پۆزەتیف، گێڕاوە. بەڵام هەندێك لەم گروپو میلیشیانە، تا داگیرکردنی پارێزگاکانی ئەنبارو سەڵاحەدین ودواجاریش موسڵ لەلایەن داعشەوە، نەیانتوانی ورێگەیان پێنەدرا شەرعیەتیبوونی خۆیان لەناو عێراقدا بسەپێننو، بەئاشکرا چالاکیەکانیان بەئەنجام بگەیەنن، بەڵکو لەزۆر جاردا رووبەڕووی راوەدونان ودەستگیرکردنی سەرکردەکانیان دەبونەوە لەلایەن هێزەکانی ئەمریکا لەعێراقو هەروەها حکومەتی عێراقیشەوە.(Mansor, 2017:p.6).

بەڵام بەهاتنی داعشو کۆنترۆڵکردنی پارێزگا سوننە نشینەکانی عێراق لەلایەن داعشەوەو، دروستبوونی مەترسی لەسەر بەغدای پایتەختو سوپای عێراق، بەتایبەت دوای ئەوەی داعش؛ لەماوەیەکی زۆر کەمدا، پارێزگای موسڵی داگیرکرد، سوپای عێراق توشی داڕوخانێکی گەورە هات، بەشێوەیەك کەرۆژانە لەو شەڕەیدا لەگەڵ داعش نزیکەی (٣٠٠) سەربازی لەدەستدەدا چی بەهۆی کوشتن یان راکردن یان

بریندار بونەوە.(مجموعة باحثين، ٢٠١٥: ص٥٤٩) . بۆ رووبەڕوبونەوەی ئەو مەترسیە؛ گەورە مەرجەعی شیعەکانی عێراق (ئایەتوڵا عەلی سیستانی) لەبەرواری (١٣ حوزیرانی ٢٠١٤) فەتوای (جیهادی کیفائی) بۆ هەموو هاوڵاتیانی عێراق دەرکردو داوای لێکردن؛ ئەوەی توانای چەك هەڵگرتنی هەیە، بچێتە ریزی هێزە ئەمنیو سەربازییەکانی عێراقەوەو رووبەڕووی داعش ببێتەوە. لەدوای ئەم فەتوایەوە، ئەو گروپو میلیشیا شیعیانەی کەپێشتر هەبوون، بەئاشکرا دەرکەوتنو خۆیان رێکخستەوەو شەرعییەتێکی ئاینیو سیاسیان بۆ خۆیان دەسەبەرکرد، شەرعیەتێك کەدەمێك بوو هەوڵیان بۆ ئەدا. لەپاڵ ئەمانەدا، چەندین گروپو میلیشیای دیکەی جیاواز جیاواز دەرکەوتنو خۆیان ئامادەکردو بەشداری کاریگەریان لەرووبەڕووبوونەوەی داعش لەناو خاکی عێراقدا کرد.

لێرەوە دەتوانین گرنگترین ئەو هۆکارانە دەستنیشان بکەین کەبوونە هۆی سەرهەڵدانی گروپو میلیشیا شیعەکانو دواجاریش حەشدی شەعبی.

### ١- داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاوە لەساڵی (٢٠٠٣)[II]:

ئەگەر چی داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئەمریکاو بەریتانیاو هاوپەیمانەکانیانەوە، هەلێکی زێرینو دەرفەتێکی مێژوویی بۆ هێزە ئۆپۆزسیۆنە عەرەبەکانی عێراق رەخساند کەبێنەوە بۆ عێراقو، لەهەمانکاتیشدا هەرەمەکانی دەسەڵاتی فەرمی بەدەستەوە بگرنو، بەشداری پرۆسەی سیاسی بکەنو، هاوکاری تەواوی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانان بکەن لەبەڕێوەبردنو دووبارە بونیادنانەوەی عێراقی نوێدا، ئازادیەکی تەواو وپانتایەکی زۆری کارکردن بۆ خۆیان مسۆگەربکەن، بەڵام لەهەمان کاتدا، هاتنی هێزەکانی ئەمریکاو بەریتانیاو هاوپەیمانەکانیان بۆ ناو خاکی عێراقو، بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی مەدەنیو دۆسیەی ئەمنی لەلایەنیانەوە، بیانویەکی ئاینیو نیشتمانی دایە دەست هەندێك کەسایەتیو گروپی ئاینیو سیاسی کەمیلیشیای تایبەت بەخۆیان دابمەزرێننو، رووبەڕووی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی ببنەوە لەناوخۆی عێراق، لەنمونەی ئەو کەسایەتیو پیاوە ئاینییانە دەتوانین ئاماژە بۆ رابەری ئاینی وسیاسی (موقتەدا سەدر) بکەن.

پاش ئەوەی ئیدارەی (باراك ئۆباما) سەرۆکی پێشووی ولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکای لەعێراق راگەیاند، دواجار لە(٣١ تشرینی یەکەمی ٢٠١١)، بەشێوەیەکی فەرمی سوپای ئەمریکا لەعێراق کشایەوە.(Jeffrey, ٢٠١٤). هەلێکی گەورەی لەناوخۆی عێراقدا رەخساند بۆ ئەو گروپو میلیشیا سەربازییانەی کەپێشتر هەبوونو بەشێوەیەك لەشێوەکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی وسەربازی ئامادەگییان هەبوو، خۆیان زیاتر رێکبخەنەوەو، لەژێر ناوی جیاوازدا بخزێنە ناو ژیانی سیاسیەوەو، تەنانەت بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەنو، پێگەی خۆیان قایمبکەنو، جۆرێك لەشەرعیەتی دەستوریو سیاسی بۆ خۆیان فەراهەم بکەن.

### ٢-کاریگەری ئێران:

ئێران وەك وڵاتێکی دراوسێی عێراق، مێژوویەکی دوورو درێژو قوڵی لەگەڵ عێراقدا هەیە، لەزۆر وێستگەی مێژوویدا ئەم وڵاتەی خستۆتە ژێر کاریگەریو هەژموونی سیاسیو ئاینیو ئابووری خۆیەوە. دەستێوەردانی ئێران لەکاروباری ناوخۆی عێراقدا، بەشێوەیەکی بەرچاو لەپاش رووخانی رژێمی پێشووی عێراقەوە زیادی کردوە. ئەم هەژموونەی ئێران لەسەر عێراق چەندین هۆکاری گەورەی سیاسیو ئابووریو ئاینیو ستراتیژیو سەربازی لەپشتیەوە وستاوە. دوابەدوای رووخانی رژێمی پێشوو لەعێراق، ئێران کەوتە جموجوڵێکی سیاسیو دیبلوماسیو هەواڵگیری گەورە تابتوانێت ئەو هەلەی لەعێراق هاتۆتە پێشەوە لەدەستی نەداتو، شوێن پێی خۆی تێدا قایم بکات، بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانەش، سەرەتاو بەشێویەکی نهێنی کەوتە هەوڵی دروستکردنو پاڵپشتی ئەو هێزە سیاسیو کەسایەتیانەی کەلەرووی ئایدیۆلۆژیای ئاینی شیعەگەراییەوە لێوەی نزیکبوون، لەرێگەی یارمەتی لۆجستیو داراییو کەرەستەی جەنگی بچوكو راهێنانی سەربازییەوە یارمەتیدان (وحيد، ٢٠١٤). تا لەکاتی پێویستو لەچرکە ساتی خۆیدا وەك ئەجێندای خۆی لەناوخۆی عێراقدا بەکاریانبهێنێت، ئەمەش بۆ پێکانی چەند ئامانجێکی ستراتیژی گرنگ:

یەکەم: لاوازکردنو تەنگەتاوکردنی هێزەکانی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی لەعێراقو، دەرکردنیان لەخاکی ئەم وڵاتە.

دووەم: باڵادەستکردنی ئەو حزبو گروپە میلیشیا شیعانەی ناوخۆی عێراق کە وەلائی رەهایان بۆ سیستەمی سیاسیو ئاینی ئێران هەبوو، تا پرۆسەی سیاسیو ژیانی سیاسی عێراق کۆنترۆڵبکەنو، ببنە هێزگەلێکی شەرعی ئەوتۆش کە لەرێگەی هێزە ئەمنیە فەرمییەکانەوە رووبەڕووی هەر

هێزێکی دیکە ببنەوە کەببێتە مایەی مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندیە جیاجاکانی ئێران لەعێراقدا؛ بۆ نمونە پێشوازی کردن لە سێبارە هەڵبژاردنەوەی (نوری مالیکی) وەك سەرۆك وەزیران، هەروەها یارمەتیدانی حکومەتەکەی نوری مالیکی لە(پرۆسەی ئەنبار) کە لە (٢ کانونی یەکەمی ٢٠١٣) دژی هێزە سوننییە مانگرتووەکانی ئەنبار وەستانەوە.(مجموعة باحثين، ٢٠١٥: ص٥٥٨).

سێیەم: هەوڵێکی پێشوەختی ئێران بۆ ئەوەی رێگە لەوە بگرێت کە لەدوای عێراق، ئەو نەکەوێتە بەر هێرشی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی؛ چونکە لەسەروبەندی داگیرکردنی عێراق ئاماژەگەلێکی لەو شێوەیە هەبوو کەئێرانیش هاوشێوەی عێراق دەکەوێتە بەر هەڵمەتی ئەمریکا وهاوپەیمانەکانی. (جوین،٢٠٠٨: ص٣١).

ئەگەر تا ساتە وەختی هاتنی داعش وداگیرکردنی چەند پارێزگایەکی عێراق لەلایەن ئەم هێزەوە، دەستێوەردانی عێراق، شێوازێکی سیاسیو دیبلوماسیو نهێنی بووبێت، ئەوا لە (ئەیلولی ٢٠١٤) ئێران بەفەرمی وبەبێ هیچ دوودڵیەك راستەوخۆ دەستێوەردانی سەربازی لەعێراقدا راگەیاندو، (قاسم سولەیمانی) فەرماندەی فەیلەقی قودسی ئێرانی بەشێکی گرنگی پرۆسە سەربازیەکانی عێراقی دژ بەداعش لەناوخۆی عێراقدا بەدەستەوە گرتو، هەروەها چەندین راوێژکاری سەربازی ئێرانیش بەشداری ئەم جەنگەیان کرد. لەئازادکردنی هەردوو شاری گوڵاڵە(جلولاء) و تکريت (ناوەندی پارێزگای سەڵاحەدین وناحیەی سەعدیە (قاسم سولەیمانی) بەشێوەیەکی ئاشکرا لە گۆڕەپانی شەڕ دەبینراو، تۆپ هاوێژەکانی گاردی شۆڕشی ئێرانی وسەربازە ئێرانییەکان شانبەشانی گروپەکانی حەشدی شەعبی شەڕیان دەکرد.(رائد، ٢٠١٦).

بۆیە ئاشکرایە، ئێران رۆڵێکی بەرچاوی گێراوە لەدروستکردنی گروپە میلیشیا شیعەکانو، دواجاریش حەشدی شەعبیو گرێدانەوەی بەشێکی زۆری گروپەکانی ناو حەشدی شەعبی بەستراتیژو ئەجێندای سیاسیو ئاینیو سەربازیو ئابووری خۆیەوە.

### ٣- قەیرانی سیاسیو ئەمنی وناوخۆی عێراق:

ئاشکرایە کەحکومەتە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق لەپاش رووخانی رژێمی پێشوو لە (٢٠٠٣)، ئەوەندە بەهێزو دامەزراوەیی نەبوون کەعێراق لەباری پشێوییو ناسەقامگیری سیاسیو ئەمنیەوە ببنە قۆناغی دامەزراوەییو سەقامگیری سیاسیو ئەمنیەوە. جگە لەوە، هێزە سیاسییە عێراقییە بەشداربووەکانی ناو پرۆسەی سیاسی فەرمی عێراق، لەوەدا شکستیان هێنا سوپایەکی تۆکمەو دوور لەکاریگەری مەزهەبیو تایفی لەعێراق دابمەزرێننو، توانای رووبەڕووبوونەوەی ئەو مەترسییانەی هەبێت کە لەناوەوە و دەرەوە دروست دەبن. سەرباری ئەوە، لەو ماوە درێژەی دوای روخانی رژێمی پێشوو تا هاتنی داعش، حکومەتەکانی عێراق، بەتایبەتی هەردوو کابینەکەی (نوری مالیکی)(٢٠٠٦-٢٠١٤)، نەیانتوانی دامەزراوەکانی سوپاو ئاسایشو پۆلیسو دەزگای هەواڵگیریو دژەتیرۆر لەسەر بنەمایەکی پیشەییو نیشتمانی دروستبکەنو، دووریان بخەنەوە لەئەجێندای حزبیو کەسیو مەرامی ئاینیو تایفی، بەڵکو لەجیاتی ئەمە، ئەم هێزانە گۆڕان بۆ هێزگەلێکی تایفیو، باڵادەستبوونی لایەنێکی تایفی دیاریکراو تێدا.(جوین، ٢٠٠٨: ص٣١). بۆ نمونە (نوری مالیکی) وەزارەتە ئەمنییەکانی لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا هێشتەوەو، تا تەواوبوونی ماوەی سەرۆکایەتیەکەی لەساڵی (٢٠١٤). کە بەتەواوەتی ژیانی سەربازیو ئەمنی لەعێراق بۆ خۆیو حزبەکەی مۆنۆپۆلکردو، دەرگای بەرووی چەندین میلیشیاو گروپدا کردەوە کە لەناوخۆدا دروست ببنو چالاکی بنوێنن. ئەمە جگە لەهەوڵەکانی بۆ باڵادەستکردنی شیعە بەسەر کۆی دامەزراوە فەرمیەکانی عێراقدا. (حارث، ٢٠١٤: ص ص ١٢-١٣).

واتە لاوازیو مایەپووچ بوونی کایەی سیاسیو، پێشنەکەوتنی باری ئابووری عێراقو، گرتنە بەری سیاسیەتی پەراوێزخستنو، شکستی هەوڵی بەدامەزراوەیی کردنی دامودەزگا عێراقیە جۆربەجۆرەکان لەلایەن حکومەتەکانی عێراقەوە، کەشێکی لەباری بۆ دروستبوونی چەندین میلیشیاو گروپی مەزهەبی وناوچەیی لەناوخۆی عێراقدا رەخساند.

### ٤- دروست بوونی داعش

رەگو ریشەی دروست بوونو سەرهەڵدانی رێکخراوی داعش لەعێراق، لەرووی مێژووییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دەمەی کە (ئەبو مەسعەب زەرقاوی) لەساڵی (٢٠٠٤)، رێکخراوێکی بەناوی (التوحيد والجهاد) دامەزراندو، پاش ماوەیەك (ئەبو مەسعەب زەرقاوی) بەیعەتی بە( ئوسامە بن لادن – سەرۆکی رێکخراوی قاعیدە)داو، ناوی رێکخراوەکەی گۆڕی بۆ (قاعدة الجهاد في بلاد الرافدين)، دواتر ئەم رێکخراوە لەگەڵ حەوت گروپی چەکداری دیکەی عێراقیدا یەکیان گرتو رێکخراوی (مجلس شورى المجاهدين في العراق) راگەیاند.(التوحيد والجهاد ودلالات مبايعة

البغدادي، ٢٠١٤). بەکوژرانی (ئەبو مەسعەب زەرقاوی) لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوەلە(٧ حوزەیرانی٢٠٠٦)، ئەم رێکخراوە بەم ناونیشانەوە کۆتایی پێهات.(محمد، ٢٠١٤). لێرە بەدواوە ئەم رێکخراوە بەدوای کەسێکی دیکەدا دەگەڕا کەسەرکردایەتی رێکخراوەکە بکات، ئەوە بوو (حامد داود محەمەد خەلیل راوی) ناسراو بە ( ئەبو عومەر بەغدادی) بەئەمیری رێکخراوەکە هەڵبژرادو، ناوی رێکخراوەکەی گۆڕی بۆ (دولة العراق الاسلامیة). لەپرۆسەیەکی سەربازی هاوشێوەی ئەو پرۆسە سەربازییەی کە (ئەبو مەسعەب)ی تێدا کوژرا، هێزەکانی ئەمریکا لە (١٩ نیسانی ٢٠١٠) بە بۆردومانی فرۆکەکانیان (ئەبو عومەر بەغدادی) یشیان کوشت. لەدوای کوژرانی ئەم؛ (عەلی ئیبراهیم عەواد سامەڕایی) ناسراو بە ( ئەبو بەکر بەغدادی) بەئەمیری ئەم رێکخراوە هەڵبژێردرا.

(ئەبو بەکر بەغدادی) لەتۆمارێکی دەنگیدا لە(٩ نیسانی ٢٠١٣) رایگەیاند کە لەئەنجامی یەکگرتنی هەردوو رێکخراوی (دولة العراق الاسلامیة)و بەرەی نوسرە (جبهة النصرة) لەسوریا کە (محەمەد جۆلانی) بەرپرسی بوو، هەڵوەشێنرایەوەو، رێکخراوی (دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراقو شام) لەجێگەیان دامەزراوە، خۆشی وەك سەرۆکی ئەم دەوڵەتە ناساند.(إعلان الدولة الإسلامية في العراق والشام أمير المؤمنين أبوبكر الحسيني،٢٠١٤). بەڵام هەر زوو (محەمەد جۆلانی) بەناوی بەرەی نوسەرەوە لەتۆمارێکی دەنگیدا رایگەیاند کە بەڵێ پەیوەندیان بە دەوڵەتی ئیسلامی عیراقیەوە هەبووە، بەڵام ئەوەشی وت کە ئاگاداری پرسی ئەو یەکگرتنە نەبوونو رازیش نین پێی.(كلمة أبو محمد الجولاني ينفي علمه بقرار الدولة الإسلامية في الشام). سەرئەنجام بەرەی نوسرە چووە پاڵ رێکخراوی قاعیدەو، داعشیش وەك رێکخراوێکی سەربەخۆ مایەوەو، شەڕو کوشتاری زۆریش لەنێوان هەردوو لادا روویدا.

دوا بەدوای ئەوەی ئەم رێکخراوە توانی زیاتر خۆی رێکبخاتەوە، هێرشە کتوپڕو بەرنامە بۆ دارێژراوەکانی لەناوخۆی عێراقدا پێی نایە قۆناغێکی مەترسیدارەوە، بەجۆرێك کە تەواوی هێزە ئەمنییەکانو سوپای عێراق دەستەوەستاوبوون لەئاست گەورەبوونو کاریگەری ئەم رێکخراوەدا، سەرئەنجام توانی لەماوەیەکی کەمداو، بەتوانایەکی چەکداری ژمارە کەم؛ دووەم گەورەترین پارێزگای عێراق کە پارێزگای موسڵ بوو بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوەو، لە(٢٩ حوزەیران ٢٠١٤) (ئەبو بەکر بەغدادی) ناوی رێکخراوەکەی گۆڕی بۆ (دەوڵەتی ئیسلامی)و خۆیشی وەك (خەلیفەی) ئەم دەوڵەتە ناساند. بەشێوەیەکی خێراو بەرچاو توانی پارێزگای ئەنبارو سەڵاحەددینو چەند شوێنێکی دیکەی عێراق کۆنترۆڵ بکات. (تنظيم الدولة الاسلامية: كيفبدأ وإلى أين انتهى، ٢٠١٧).

بۆیە پاش ئەم گەورەبوونەی (داعش)، کە بەداگیرکردنی نزیکەی (٤٠٪) خاکی عێراق کۆتایی پێهات، وبەشێوەیەکی بەرچاویش لەبەغدای پایتەخت نزیك بوونەوە، لەبەرامبەردا سوپاو هێزە ئەمنیەکانی عێراق لەبەرئەوەی توشی شکستی سەربازی گەورە بوون بەرامبەر ئەم رێکخراوە. (مركز دراسات الشرق الاوسط-الاردن، ازمة العراقية الى اين،٢٠١٥، ص ١١)، لەئەنجامدا گەورە مەرجەعی شیعەکانی عێراق (عەلی سیستانی) لەفتوایەکی ئاینیدا داوای لەعێراقیەکان کرد، ئەوانەی کەتوانای هەڵگرتنی چەکیان هەیە، جیهادی کیفائی دەست پێبکەنو، رێگە بگرن لەهەژموونی زیاتری ئەم رێکخراوە.(السيد علي السيستاني يعلن الجهاد الكفائي ويعتبر قتلى الوطن شهداء: ٢٠١٤).

هەر زوو دوای ئەم فتوایە، ئەو حزبو میلیشیا شیعانەی کە لەناوخۆی عێراقدا ئامادەگیان هەبوو، ئەم فەتوایەیان قۆستەوەو توانیان لەماوەیەکی کەمدا، زۆرترین ژمارەی هاوڵاتیانو گەنجی بێکارو قاندراو بەئایدیۆلۆژیای ئاینی لەناوخۆیاندا رێبکەنەوە. لەهەمان کاتدا لەناوخۆی ئێرانیشدا هەڵمەتێك راگەیەندرا بۆ رێکخستنی ئەو کەسانەی بەشێوەی خۆبەخش دەچن بۆ عێراق بۆ پاراستنی شوێنە پیرۆزەکان لەنەجەف وکەربەلا. لەماوەی (٢٤) کاتژمێردا (٤٢٠٠) خۆبەخش لەناوخۆی ئێران خۆیان لەم هەڵمەتەدا تۆمارکرد.(رائد، ٢٠١٥)؛ ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەشەوە، ئەم فەتوایە سەری کێشا بۆ دروستبوونی چەندین میلیشیای دیکە، کە لەناوچەو شوێنی جیاجیای عێراقدا دەربکەونو، شەرعیەتی خۆیان لەو فەتوایەوە وەربگرن. جێی ئاماژەیە، ئەم میلیشیایانە کەدروست بوون، تەنها تایفەو خەڵکی شیعە مەزهەبو نەتەوەی عەرەبی نەگرتەوە، بەڵکو میلیشیاو گروپی مەسیحی، یەزیدی، تورکمانی، تەنانەت کوردی فەیلیو سوننە مەزهەبیشی گرتەوە.

بۆ رێکخستنی ئەم سەرهەڵدانو دروستبوونە خێرایەی ئەم گروپو میلیشیا زۆر وجۆراو جۆرانە، حکومەتی عێراق لەرێگەی بڕیاری ژمارە (٤٧) ساڵی (٢٠١٤) دەستبەجێ هەستا بە دروستکردنی دەستەی (حەشدی شەعبی) بۆ کۆکردنەوەو رێکخستنەوەی ئەم گروپو میلیشیایانە تاوەکو لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بهێڵێتەوە. هەر بەدوای ئەمەدا، (فالح فەیاز) راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق بەڕێوەبەرایەتییەکی بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی

حەشدی شەعبی)ەوە راگەیاندو، لەرووی یاسایی و داراییەوە ئەم بەڕێوەبەرایەتیەی بەستەوە بە دامەزراوەی راوێژکاری نەتەوەییەوە. (Duman, 2015: p.8). لەراستیدا، لەهیچ بڕگەیەکی فەتواکەی (سیستانی)دا باسی دروستکردنی (حەشدی شەعبی) نەهاتووە، بەڵکو داوای لەهەموو عێراقییەك کرد ئەوەی ئەتوانێت چەك هەڵبگرێت بچێتە ناو هێزە فەرمیەکانی عێراقەوەو لەوێوە دژی مەترسییەکان (داعش) بوەستێت، بەڵام ئەم فەتوایە هەر زوو لەلایەن (نوری مالیکی) سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق و سکرتێری حزبی دەعوەوە قۆستراوەتەوە، رەهەندێکی سیاسی پێبەخشرا.(Mansor, 2017: p.6).

دوا بەداوی ئەمە، حکومەتی عێراق، چەندین بڕیارو یاسای گرنگی تایبەت بەرێکخستن و بەستنەوەی حەشدی شەعبی و میلیشیاکانی ناوی؛ دەرکردو، هەوڵی زۆری دا ئەم دیاردە نوێیەی ناو ژیانی سیاسی عێراق ملکەچی یاساو رێنماییەکانی خۆی بکات. ئەگەر چی ئەم هەوڵانەی حکومەتی عێراق تارادەیەك سەرکەوتوو بوون، بەڵام تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە بەشێوەیەکی دروست و کاریگەر کۆنترۆڵی ئەو هەموو گروپ و میلیشیایانە بکات کە لەناوخۆی عێراقدا خاوەن هێزو قورسایی گەورەن.

لەکۆتایی ئەم تەوەرەدا دەتوانین بڵێین کە دروستبوونی حەشدی شەعبی وەك دامەزراوەیەکی تایبەتی ناو پەیکەری فەرمی حکومەتی عێراق راستەوخۆ لەدوای فەتوا ئاینییەکەی (عەلی سیستانی)ەوە دروست بوو، بەڵام ئەمە ئەو راستییە ناشارێتەوە کە گروپ و میلیشیا کاریگەرو پێکهێنەرەکانی ناو حەشدی شەعبی لەگەڵ ئەمدا دروستبوونە، بەڵکو پێش حەشدیش لەناوخۆی عێراقدا چەندین میلیشیای شیعی بەهێز هەبوون وسەرکردەکانیان لەرێگەی پارتە سیاسییە شیعەکانەوە پۆستی باڵایان لەناو دامەزراوەکانی حکومەتدا بەدەستەوە گرتووەو کاریگەری گەورەیان لەسەر پرۆسەو ئاراستەی سیاسی عێراق کردووە. (مجموعة الأزمات الدولية، ٢٠١٨: ص٧)، بەڵام بەدروستبوونی حەشدی شەعبی، ئەم گروپ و میلیشیایانە زیاتر دەرکەوتن و، شەرعییەتێکی سیاسی و ئاینی گەورەیان بۆ خۆیان بەدەست خست و، بەتەواوەتی جێپێی خۆیان لەناو دامەزراوەی سوپاو هێزە ئەمینەکانی دیکەدا کردەوە.

## باسی دووەم: گروپ و میلیشیا پێکهێنەرکانی حەشدی شەعبی

بەتێڕامانێکی خێرا لەگروپ و میلیشیاکانی ناو حەشدی شەعبی، ئەو راستیە روونەدەبێتەوە، کەئەم میلیشیایانە لەدوو گروپی سەرەکی پێکدێن، گروپی یەکەمیان ئەو میلیشیایانە دەگرێتەوە کەپێش فەتواکەی (عەلی سیستانی) لەساڵی (٢٠١٤)، دروستبوون و، لەسەر گۆڕەپانی سیاسی وسەربازی عێراق بوونیان هەبووە. گروپی دووەمیان ئەو میلیشیایانە دەگرێتەوە کە لەدوای فەتواکەوە دروستبوون. هەڵبەتە تاوەکو ئێستا ئامارێکی ورد لەبەردەستدا نییە لەبارەی ژمارەی گروپ و میلیشیاکانی ناو حەشدی شەعبی، هەندێك دەڵێن ژمارەیان (٤٠ بۆ ٥٠) میلشیایە. (مجموعة الأزمات الدولية، 2018: ص2؛ Gulmohamad, 2015: p.2). هەندێکی دیکە پێیان وایە زیاد لە (٦٠) میلیشیایەو، هەندێکی دیکە زیاد لەم ژمارانە دەڕۆن و بە(١٠٠) گروپ و میلشیا زیاتر دەیخەمڵێنن.(Spyer, ٢٠١٥: p.٧). ئەم پشێوی و نادروستیە لەژمارەی میلیشیاکانی ناوحەشدی شەعبی دەگەڕێتەوە بۆ: ١- ئەو پاڵنەرو ئایدیۆلۆژیا ئاینییەی کە لەپشت ئەم میلشیایانەوە هەیە، روپۆشێکی ئەستوری بۆ دروست کردوون کەبەتەواوی نەزانرێت چین؟ کێن؟ ئامانجیان چیە؟ ٢- نادامەزراوەیی حکومەتی عێراق لەوەی بتوانێت تەواوی ئەم میلشیایانە رێکبخاتەوەو، ملکەچی ستراتیژو ئەجێندای سیاسی روونی خۆی بکات. ٣- بەهێزیی و گەورەی هەندێك لەم میلیشیایانە، بەجۆرێك هەندێك کات لەرووی توانای سەربازیو، لۆجستیو، راهێنان و، پاڵپشتی ناوخۆیی و دەرەکیەوە بەتایبەتی ئێران، زۆر لەدامەزراوە ئەمنی و سەربازیەکانی حکومەتی عێراق لەپێشترن، ئەمەش وایکردووە حکومەتی عێراق نەتوانێت هەموو ئەم میلیشیانە بخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە.

بەهەرحاڵ، لەم تەوەرەدا، هەوڵدەدەین بەشێوەیەکی کورت باس لەگرنگترین گروپ و میلیشیاکانی ناو حەشد بکەین:

**١- رێکخراوی بەدر:**

لەکاریگەرترین میلیشیاکانی ناو حەشدی شەعبیە. مێژووی دروست بوونی دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای هەشتاکانی سەدەی رابردوو، بەڵام لەبارەی ساڵی دروستبوونیەوە رای جیاواز لەنێوان مێژوونوسان و توێژەراندا هەیە، هەندێك لەوانە پێیانوایە ساڵی (١٩٨٢) دامەزراوە.(Gulmohamad, 2015: p.4). هەندێکی دیکە رایان وایە ساڵی (١٩٨٤).( الهاشمي، ٢٠١٤: ص٨٩). نوسەرێکی دیکە ساڵی دامەزراندنی دەگەڕێنێتەوە بۆ

ساڵی (١٩٨٣).(الخيون، 2009: ص144). هەرچۆنێك بێت ئاشكرایە، كەئەم میلیشیایە لەلایەن حزبی (ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی لەعێراق)ەوە دامەزراوە. ئەم میلیشیایە لە دیلە عێراقییەكان لەئێرانو پەناهەندە عێراقیەكان لەناو خاكی ئێران پێكهات، ئامانجی سەرەكیان شەڕكردن بوو دژ بەسوپای عێراق لەماوەی شەڕی نێوان عێراق- ئێرانو، یارمەتیدانی سوپای ئێران لەو جەنگەدا. بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەفسەرە ئێرانێكانەوە بەڕێوەدەبرا.(فهمي، ٢٠٠٨: ص ٢٨٢. الهاشمي، ٢٠١٤: ص ٨٩. الخيون، ٢٠٠٩: ص ١٤٥).

لەپاش ڕووخانی ڕژێمی پێشووی عێراق، ئەم میلیشیایە بەهەموو هێزو توانایەوە گەڕایەوە عێراقو، ناوی خۆی لە (فەیلەق بەدر)ەوە گۆڕی بۆ (ڕێكخراوی بەدر).(فهمي، ٢٠٠٨: ص ٢٨٣). بەئامانجی بەشداریكردن لەپرۆسەی سیاسی وەك ڕێكخراوێكی مەدەنی. لەو كاتەوە لەژێر ناوی ڕێكخراوی بەدردا بەشداری هەموو هەڵبژاردنەكانی عێراق كردووە. تاساڵی (٢٠٠٨) لەناو حزبی (ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی لەعێراق)دا مایەوە، دواتر جیابونەوەی خۆی لەم حزبە ڕاگەیاندو، وەك حزبێكی سیاسی بەشداری هەڵبژاردنەكانی (٢٠١٨،٢٠١٤،٢٠١٠) كرد.(Duman, ٢٠١٥: p.١٤). هەرچەندە وەك حزبێكی سیاسی خۆی ناساند، بەڵام باڵە سەربازییەكەی هەڵنەوەشاندەوە، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت كەئەم ڕێكخراوە قورسە وەك ڕێكخراوێكی مەدەنی بناسرێت.

(هادی عامری) وەزیری پێشووی گواستنەوەی عێراقو ئەندام پارلەمانی عێراق، سەرۆكی ئەم ڕێكخراوەیەو، پەیوەندییەكی توندو تۆڵی لەگەڵ (قاسم سولەیمانی) فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانیدا هەیە. لەگەڵ هاتنی (داعش)داو ڕاگەیاندنی جەنگ دژی، هەر یەك لە (هادی عامریو ئەبو مەهدی موهەندیس) سەرپەرشتی ئۆپراسیۆنەكانی حەشدیان كرد دژ بەداعش. زۆربەی كادیرەكانی كارەكتەری بەهێزی سیاسیو ئەمنی ناو دەزگا ئەمنیەكانی عێراقن. بەشێوەیەكی ڕوونو ئاشكرا لایەنگیری خۆیان بۆ (ویلایەتی فەقیهی) ئێرانی ڕاگەیاندوە.(الهاشمي، ٢٠١٤: ص ٨٩). ژمارەی ئەندامانی ئەم ڕێكخراوە بەوردی نازانرێت چەندە، هەندێك پێیان وایە ژمارەیان نزیكە (١٢) هەزار چەكدار دەبێت.(Duman, ٢٠١٥: p.١٤). هەندێكی دیكە ژمارەیان بە (٥٠,٠٠٠) هەزار كەس دەخەمڵێنن.(Spyer, ٢٠١٥: p.٧). لەكاتی ئێستادا چالاكییەكانی ئەم ڕێكخراوە لەبەغداوە تاوەكو موسڵ درێژبوتەوەو، لەدەوروبەری (كەركوك- تازەخورماتوو- ئامرلی- صەلاحەدین- دیالە) بەهێزن. هەندێك لە توركمانە شیعەكانی دەوروبەری كەركوك لەناو ئەم ڕێكخراوەدا بەشدارن.

ئەندامانی ئەم ڕێكخراوە، لەلایەن ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكانەوە تاوانباركراون بە ئەنجامدانی تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی دەرهەق بەدانیشتوانی سوننەنشینی پارێزگای دیالەو، لەراگواستنو گۆڕینی باری دیمۆگرافی ئەو پارێزگایە لەبەرژەوەندی دانیشتوانی شیعە مەزهەبو، سوتاندنو تەقاندنەوەی مزگەوتەكانو ماڵەكان. هەروەها تاوانباركراون بە تیرۆركردنو كوشتنی ئەندامانی حزبی بەعسی هەڵوەشاوە لەناوەو دەرەوەی عێراق.(AMENESTY INTERNATIONANL, 2014).

**٢- سەرایا سەلام:**

ئەم میلیشیایە درێژكراوەی سوپای مەهدیە، ئەو سوپایەی كە ساڵی (٢٠٠٣) لەلایەن (موقتەدا سەدر)ەوە وەك سوپایەكی عەقائیدی دروستكرا.(فهمي، ٢٠٠٨: ص٢٨٤). سوپای مەهدی لەساڵی (٢٠٠٤) هەوڵی زۆری دا تاوەكو كۆنترۆڵی (نەجەفوكەربەلا) بكات، بەڵام لەم هەوڵەیدا سەركەوتوو نەبوو، هێزەكانی ئەمریكاو حكومەتی عێراق بەتوندی ڕووبەڕوویان بوونەوەو شكستیان پێهێنان. لەساڵی (٢٠٠٦) پاش تەقاندنەوەی هەردوو مەزارگەی (ئیمام عەسكەری) لەسامەڕا، دوبارە ئەم میلیشیایە كەوتنە چالاكی نواندن. لەساڵی (٢٠٠٨) (موقتەدا سەدر) ڕێبەری ڕەوتی سەدر، بلۆك كردنی چالاكیەكانی ئەم میلیشیانەی ڕاگەیاند. ( الخيون، ٢٠٠٩: ص  ص٢١١-٢٢٤).

دوای فەتواكەی (عەلی سیستانی)، میلیشیای سوپای مەهدی لەژێر ناوی سەرایا سەلام داكەوتنەوە كار. ژمارەیان بەنزیكەی پەنجا بۆ شەست هەزار كەس مەزەندە دەكرێت. (خريطة الميليشيات الشيعية المقاتلة في العراق).

**٣- كەتایبی حزبوڵا:**

سەرەتاكانی دامەزراندنی كەتایبی حزبوڵا دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٣)، واتە چەند مانگێكی كەم پاش داگیركردنی عێراق لەلایەن ئەمریكاو هاوپەیمانەكانیەوە. لەسەرەتادا لەژێر ناوی (لیوای ئەبی فەزلولا عەباس)دا دەركەوتو، ئامانجیان ڕووبەڕوبونەوەی سوپای ئەمریكاو دەركردنی بوو لەخاكی عێراق. ئەم میلیشیایە بەپاڵپشتی حزبوڵای لوبنانی؛ لەژێر ئەم ناونیشانەدا بەتەواوی لە (٢١ ئابی ٢٠٠٧) خۆی ڕاگەیاند،

لەیەکگرتنی میلشیا چەکدارەکانی دیکەی شیعە وەك کەتایبی (کەربەلا، ئەبی فەزلولا عەباس، زەید بن عەلی، عەلی ئەکبەر، سەجاد) پێکهات. (المقاومة الاسلامية في العراق: كتائب حزب الله ٢١ اب ٢٠٠٧).

کەتایبی حزبولا لە کاتی دروستبوونییەوە تاوەکو کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق لە(٢٠١١)، چەندین هێرشی چەکدارییان کردۆتە سەر هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق. (بەیانامەی کەتایبی حزبو الله لە (١٨ تشرینی دووەمی ٢٠٠٧; البنتاجون يقر باختراق مسلحين عراقيين لبيانات طائرات الاستطلاع، ٢٠٠٩. كتائب حزب الله. ميليشيا الدم في العراق)، لەپەرچەکرداری ئەمەشدا، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە (٢ تەموزی ٢٠٠٩) خستیە ناو لیستی تیرۆرەوە. (Spyer, ٢٠١٥: p.٧).

لەرووی ئایدیۆلۆژییەوە، بەئاشکرا لایەنگری خۆیان بۆ سیستمی سیاسیو ئاینی کۆماری ئیسلامی ئێران راگەیاندووە، بەشێوەیەکی رەها بڕوایان بە (ویلایەتی فەقیە) هەیەو، خۆیان بەپارێزەرو درێژکراوەی ئەم ئایدۆلۆژیا ئاینی- سیاسیە دادەنێن. (لماذا ولاية الفقيه).

لەرووی سیاسیو رێکخستنەوە، سەرکردەکانی ئەوە رەتدەکەنەوە کەسەر بەهیچ حزبێکی سیاسی بن‌و، بەشداری پرۆسەی سیاسی عێراقیش نین، بەڵکو ئەوان شێوازی (بەرگری ئیسلامی)یان گرتۆتەبەرو، لەم رێگەیەوە چالاکیەکانی خۆیان دەردەخەن.(مصطفى، ٢٠١٥). لەرووی رێکخستنیشەوە، (ئایەتولا محەمەد سەند) سەرپەرشتاری گشتیەتی. بەڵام ئەمینداری گشتییان بەتەواوەتی نازانرێت کێیە؟ بەڵکو ئەنجومەنی شورایان هەیە کە بەرپرسە لەدارشتنی پلانی سیاسیو سەربازیو راگەیاندن‌و کاروبارەکانی دیکەی ئەم میلیشیایە. بەڵام بەپێی هەندێك سەرچاوە (جەمال جەعفەر ئیبراهیم) ناسراو (بەئەبو مەهدی موهەندیس) سەرپەرشتی ئەم میلیشیایە دەکات.(Spyer, ٢٠١٥: p.٧).

بەکورتی ئەم میلیشیایە، بەیەکێك لەبەهێزترین‌و رێکخراوترین‌و پرچەکترین میلشیاکانی ناو حەشدی شەعبی دادەنرێت‌و، لەپاش هاتنی داعش (جاسم جەزایری) فەرماندارى ئۆپراسیۆنەکانی ئەم میلیشیایە دەکات لەشەرەکانیدا دژ بەداعش. سەرەرای ئەمانە، ئەم میلشیایە لەلایەن رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە تاوانبارن بەئەنجامدانی کردەوەی دژە مرۆڤایەتی دژ بەدانیشتوانی ناوچە سوننە نیشینەکانی پارێزگای دیالەو صەلاحەدین.(هیومان راتیش وچ، ایلول ٢٠١٥: ص ص ٤٠-٤١).

**٤- عەسائبی ئەهلی حەق:**

ئەم میلیشیایە، یەکێك بوو لەباڵە سەرەکییەکانی سوپای مەهدی کە لەلایەن (موقتەدا سەدر)ەوە دامەزرا، بەڵام پاش ئەوەی سوپای مەهدی لەرووبەڕووبونەوەیدا لەگەڵ سوپای ئەمریکاو هێزە ئەمنیەکانی عێراقدا شکستی خوارد؛ (موقتەدا سەدر) چالاکییەکانی ئەم سوپایەی بلۆك کرد، هەریەکە لە (قەیس خەزعەلی، ئەکرەم کەعبی، عەبدولهادی دەراجی) رەتیانکردەوە چالاکییەکانیان دژ بەسوپای ئەمریکا رابگرن، بۆیە بەجیا لەسوپای مەهدی؛ درێژەیان بەدژایەتی کردنی سوپای ئەمریکاو عێراق دا. لەساڵی (٢٠٠٨) (قەیس خەزعەلی) ئەمێنداری گشتی عەسائیب، بەتەواوەتی لەسوپای مەهدی جیابووەوەو چەندین کەسایەتی دیکەی سیاسیو سەربازی ناو رەوتی سەدر هاتنە پاڵیو میلیشیای (عەسائیبی ئەهلی حەق)یان دامەزراند. (خريطة الميليشيات الشيعية المقاتلة في العراق: ساسة بوست).

ئەم میلیشیایە لەچوار گروپی سەرەکی میلیشیای شیعی پێکدێت کەبریتین لە کەتیبەکانی (ئیمام عەلی، ئیمام کازم، ئیمام مەهدی، ئیمام عەسکەری).

ئەم میلیشیایە بە بەراورد بە گروپە میلیشیایەکانی دیکە زیاتر رادیکاڵترو توندوتیژترن. بەتاوانبارترین گروپە میلیشیا شیعەکانی عێراق دادەنرێن، بەوەی کەچەندین کردەوەی کوشتن‌و رفاندن‌و تیرۆریان دژ بەسوپای ئەمریکاو بەریتانیاو، سوپای عێراقو، هەروەها دژ بەپێکهاتەی سونە لەبەغداو چەندین ناوچەی دیکەی عێراق ئەنجامداوە.(بيان اللجنة العراقية لحقوق الانسان في العراق: في (٣٠ تشرين الثاني ٢٠١٤).

ژمارەی ئەندامانی ئەم میلیشیایە بەشێوەیەکی بەرچاو لەماوەی جەنگی دژ بەداعش زیاد کردووە، بەجۆرێك ژمارەیان تەنها لە هەزار کەسەوە لەساڵی (٢٠٠٣) بەرزبووەتەوە بۆ نزیکەی دە هەزار کەس لەکاتی ئێستادا. (عصائب أهل الحق، على الموقع الالكتروني: الغد).

لەپاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق لەساڵی (٢٠١١)دا، (قەیس خەزعەلی) ئامادەیی عەسائیبی پێشاندا بەوەی چەك دابنێن‌و بەشداری پرۆسەی سیاسی بکەن، لەمەشدا حکومەتەکەی نوری مالیکی پشتگیری کردن‌و، بەتەواوەتی خۆیان لەئەو نزیك کردەوە. بەڵام نەك چەکیان دانەنا بەڵکو لەژێر پاساوی پارێزگاری لەشوێنە پیرۆزەکانی شیعە لەسوریا، بەرەو ئەوێ رۆشتن‌و شانبەشانی رژێمی سوریا لەدژی ئۆپۆزسیۆنی سوریا

شەڕیان کرد.(عصائب أهل الحق، موسوعة الجزيرة: ١٠/١٢/٢٠١٤. عصائب أهل الحق، موسوعةالرشيد). لەهەڵبژاردنە پارلەمانیەکەی (٢٠١٤) بەلیستی (الصديقون) بەشداریان کرد، بەڵام تەنها یەك کورسیان بەدەستهێنا. لەهەڵبژاردنی (٢٠١٨) لەناو (هاوپەیمانی فەتح) بەشداری هەڵبژاردنیان کردو (١٥) کورسی پارلەمانیان بەدەستهێنا. پەیوەندی بەهێزیان لەگەڵ ئێراندا هەیە، بەپێی هەندێك سەرچاوە، ئەم میلیشیایە راستەوخۆ لەلایەن (قاسم سولەیمانی) فەرماندەی هێزی قودسی ئێرانیەوە بەڕێوەدەبرێتو، مانگانەش بڕی ملیۆن تا پێنج ملیۆن دۆلار وەك یارمەتی دارایی و لۆجستی لەئێران وەردەگرن، دەرئەنجامی ئەوەش لایەنگری خۆیان بۆ (ولایەتی فەقیە)ی ئێرانی راگەیاندوە.(حمید، ٢٠١٤. Gulmohamad، ٢٠١٥: p.٤). بەڵام عەسائیب ئەوەی رەتکردەوە کە پاشکۆیەتی بۆ ئێران هەبێت، بەڵکو خۆیان بەشوێنکەوتوانی (محمد محمد سەدر) دادەنێن و، لەسەر سایتی فەرمیشیان وێنەی (خەزعەلی) لەپاڵ (محمد محمد سەدر) دانراوە.

ئەم میلیشیایە لەبەغدای پایتەختو باشوری عێراق بەهێزن، سەرباری ئەوەی ئامادەیی بەهێزیشیان لە پارێزگای دیالەو تازە خورماتوو هەیە.

٥- بزوتنەوەی نوجەبا

ئەم بزوتنەوەیە لەلایەن (ئەکرەم کەعبی)هوە دامەزرا. ئەم کەسایەتیە تاوەکو ساڵی (٢٠٠٧) یەکێك بوو لەفەرماندە دیارەکانی ناو سوپای مەهدی، بەڵام دوای ئەوەی (موقتەدا سەدر) چالاکیەکانی سوپای مەهدی وەستاند، کەعبی پەیوەندی بە میلشیای (عەسائیبی ئەهلی حەق) وە کرد، لێرەش بەهۆی ناکۆکییەوە لەگەڵ سەرکردەکانی عەسائیب، لەساڵی (٢٠١٣) جیابونەوەی خۆی لێیان راگەیاندو، میلیشیای نوجەبای دامەزراند.(خالد، ٢٠١٧).

ئەوەی ئەم میلیشیایە لەوانی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کەئەندامەکانی تەنها عێراقی نین، بەڵکو هاوڵاتی (سوری، لوبنانی، بەحرەینی، کوەیتی) شی تێدایە. بەم پێیەش سنوری کارکردنی ئەم میلیشیایە تەنها عێراق ناگرێتەوە، بەڵکو لەسوریاشدا ئامادەیی بەهێزیان هەیە.

لەرووی سیاسیەوە، لایەنگری تەواویان بۆ ولایەتی فەقیهی ئێرانو، (عەلی خامنەیی) رابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران هەیە. جگە لەوەی پەیوەندی توندوتۆڵیان لەگەڵ حزبوڵلای لوبنانیدا هەیە.( حركة النجباء، موسوعة الجزيرة).

لەناوخۆی عێراقدا، لە بابل و سامەڕاو دەوروبەری بەغدای پایتەختدا چالاکن و، لەشەڕی دژ بەداعشدا رۆڵی کاریگەریان بینیوە. هەڵوێستی نێگەتیڤیان بەرامبەر بەهەرێمی کوردستان هەیە. لەهەمان کاتیشدا ئەمریکا ئەم بزوتنەوەیەی خستووەتە ناو لیستی رێکخراوە تیرۆریستییە جیهانییەکانەوە. (حركة النجباء العراقية على لائحة الإرهاب الأميركية، ٢٠١٩).

ئەمانەی لەسەرەوە باسکران، گرنگترین گروپو میلیشیاکانی ناو حەشدی شەعبی پێکدەهێنن، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت کەتەنها ئەم میلیشیانە هەیە، بەڵکو لەپاڵ ئەمانەدا، دەیان گروپو میلیشیای جیاواز بوونیان هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی لێرەدا بواری باسکردنیان نیە بەدرێژی، لێرەدا تەنها ناویان دەبەین:

١- سريا طليعة الخرساني، ٢- كتائب سيد الشهداء . ٣- كتائب الامام علي.٤- كتائب حزب المجاهدين في العراق. ٥- فيلق الوعد الصادق. ٦- لواء أبو فضل العباس.٧- كتائب الامام الحسين.٨- كتائب الامام الغالب. ٩- كتائب انصار الحجة.١٠- كتائب الاحرار العراق.١١-كتائب التيار الرسالي.١٢- كتائب روح الله. ١٣- كتائب الدفاع المقدس (قوة السيد الصدر). ١٤- كتائب الشهيد صدر الاول.١٥- كتائب انصار العقيدة. ١٦- سرايا عاشورا ،. ١٧- لواء ذو الفقار. ١٨- لواء يوم قيامة. ١٩- سرايا الجهاد والبناء. ٢٠- قوة البراق. ٢١- لواء اسد الله الغالب. ٢٢- لواء المنتظر. ٢٣- لواء اليوم الموعود . ٢٤- لواء عامر بن ياسر. ٢٥- لواء الحسن المجتبى. ٢٦- لواء الحمد. ٢٧- حركة الابدال. ٢٨ كتائب سرايا الزهراء. ٢٩- حزب الله الابرار. ٣٠- لواء الشباب الرسالي. ٣١- لواء الصديقان. ٣٢- سريا العتبات المقدسة. ٣٣- لواء القارعة. ٣٤ - كتائب يد الله. ٣٥- كتائب درع الشعلة.. ٣٦- جيش المختار. ٣٧- حزب الله ثائرون. ٣٨- لواء الامام القائم . ٣٩- كتائب الفتح المبين. ٤٠- لواء القرية . ٤١- كتائب جند الامام. ٤٢- كتائب النخبة القتالية. ٤٣- كتائب النخبة والغيث الحيدري. ٤٤- لواء علي الاكبر.٤٥- لواء انصار المرجعية. ٤٦- كتائب قمر بن هاشم. ٤٧- كتيبة عماد المغنية. ٤٨- لواء قاسم الجبارين. ٤٩- كتائب أئمة البقيع. ٥٠- حركة انصار الله الاوفياء. ٥١- كتائب ثار الله. ٥٢- كتائب القصاص. ٥٣- كتائب اشبال الصدر. ٥٤- كتائب الثأر الحسين. ٥٥- كتائب ملك الاشتر. ٥٦- كتائب دماء الزكية. ٥٧- كتائب مسلم بن عقيل. ٥٨- لواء انصار المهدي. ٥٩- لواء المؤمل. ٦٠- كتائب العدالة. ٦١- كتائب الفتح.٦٢- حركة الوفاق

الاسلامي. ٦٣- لواء زينب العقيلة. ٦٤- لوء الطف. ٦٥- كتائب القيام الحسيني. ٦٦- كتائب درع الولاية. ٦٧- كتائب القارعة. ٦٨- كتائب بقية الله. ٦٩- كتاب الشبيبة الاسلامية. ٧٠- كتائب جمعية آل البيت. ٧١- سرايا الدفاع الشعبي. ٧٢- كتائب الطفل الرضيع. ٧٣- سرايا المختار الثقفي. ٧٤- سريا لواء السجاد. ٧٥- كتائب وعد الله. ٧٦- كتائب الغوث الاعظم- كتائب الجيش الفاطمي. ٧٧- كتيبة بابليون. ٧٨- قيادة محور الشمال: قوة التركمان. ( ١- حسن، ميليشات الحشد الشعبي الشيعية العراقية. ٢- الحشد الشعبي في العراق: النشاة والمستقبل: دراسة استقصائية. ٣- كتائب بابليون أول فصيل مسيحي مسلح في الحشد الشعبي العراقي. ٤- المدير الاداري لكتائب جند الامام ناظم الاسدي للشرق. ٥- سميث، كتائب الامام علي. ٦- الحطاب، حل كتائب حزب الله المجاهدون في العراق.٧- تقرير كامل عن لواء ابو الفضل العباس: منتديات شيعة الحسين العالمية. ٨- من نحن، الموقع الرسمي لحركة الاسلامية في العراق: كتائب جند الامام).

بەتێڕوانینێکی خێرای ئەوانەی سەرەوە ڕووندەبێتەوە کە گروپ‌و میلیشیاکانی ناوحەشدی شەعبی ئەم تایبەتمەندییانە لەخۆدەگرن:

١- هەریەك لەم گروپ‌و میلیشیایانە هەڵگری سیفات وتایبەتمەندی بەخۆیەتی، کە لەهەندێك جاردا تەواو لەیەکتر جیاوازن.

٢- زۆربەیان لەلایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە پاڵپشتی‌و هاوکاری لۆجستی‌و دارایی‌و مەعنەوی دەکرێن.

٣- زۆربەیان لایەنگیریان بۆ سیستەمی ویلایەتی فەقیە هەیە، وەك سیستەمێکی سیاسی- ئاینی بۆ بەڕێوەبردن‌و حوکمکردنی عێراق.

٤- هەرچەندە بەفەرمی لەژێر دەستەی حەشدی شەعبیدان، واتە لەلایەن خودی سەرۆك وەزیرانی عێراقەوە ئاراستە دەکرێن، بەڵام لەواقیعدا؛ زۆرێك لەم میلیشیایانە نەك بڕوایان بەحکومەتی عێراق‌و پرۆسەی سیاسی نییە تێیدا، بەڵکو گەورەترین کۆسپیشن لەبەردەم بەمەدەنی بوونی دەسەڵات لەعێراقدا.

٥- هەریەك لەم میلیشیاو گروپانە خاوەن ڕێکخستن‌و چەکدارو ئاڵاو مەرجەعی ئاینی تایبەت بەخۆیانن، جگە لەهەڵگری پرۆژەی سیاسی‌و ئاینی بۆ داهاتووی عێراق.

٦- بەڵام لەپاڵ ئەمانەشدا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوەو لەجەنگی دژ بەداعش‌و ئازادکردنی ناوچە عێراقیەکانی ژێر دەسەڵاتی داعش.

٧- حەشدی شەعبی تەنها عەرەبی شیعە ناگرێتەوە، بەڵکو هەندێك لەهۆزە عەرەبە سوننە مەزهەبەکانیش لەناو حەشدی شەعبیدان، جگە لەیەزیدی‌و مەسیحی‌و تەنانەت کوردیش وەك لیوای (١١٠) کوردە فەیلییەکانی ناوحەشدی شەعبی، هەروەها شەبەك؛ ئەمەش هەوڵێکی دیبلۆماسی‌و سیاسی وتەکتیکی سەرانی حەشدی شەعبییە بەوەی کەرەهەندێکی نیشتیمانی ببەخشن بەحەشدی شەعبی‌و دواجاریش دەستەبەرکردنی شەرعیەتی سیاسی وياسايی تاوەکو لەداهاتوودا مانەوەی مسۆگەر بکەن.

## باسی سێیەم: هەنگاوەگانی پارلەمان و حکومەتی عێراق بۆ بەیاسایی کردنی حەشدی شەعبی

دوای ئەوەی حەشدی شەعبی وەك هێزێکی کاریگەر لەناو گۆڕەپانی سەربازی وئەمنی عێراقدا بەدەرکەوتن و وەك دیفاکتۆیەکی (سەربازی- ئاینی- سیاسی) خۆیان سەپاند، پارلەمان وحکومەتی عێراق هەر زوو هەوڵەکانیان چڕکردەوە بۆ بە یاساییکردن وبەفەرمی کردنی حەشدی شەعبی وەك دامەزراوەیەکی یاسایی وتوانیان بەرگێکی شەرعی بەبەردا بکەن. لێرەدا بەکورتی گرنگترین ئەو هەنگاوانە دەخەینە ڕوو:

یەکەم: لەدانیشتنی ژمارە (٢٦) لە (٦ حوزیران ٢٠١٤) ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق چەند بڕیارێکی دەرکرد لەوانە سەرپشکردنی وەزیری تایبەتمەند بۆ یارمەتیدان‌و پاڵپشتی کردنی توانای جەنگی بۆ هێزە سەربازی‌و ئەمنیەکان‌و، حەشدی شەعبی ودابین کردنی کەرەستەی جەنگی بۆیان.(جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ٢٦ في ٦/٧/ ٢٠١٤).

دووەم: دانیشتنی ژمارە (٢٩) (لە ٢٢ تەموزی ٢٠١٤) بەسەرپەرشتی (نوری مالیکی) سەرۆك وەزیری پێشووی عێراق چەندین بڕیاری گرنگی تێدا درا لەوانە: دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر بەردەوام بوون لەسەر خەرجکردنی مووچەو دەرماڵەی تایبەت بۆ ئەوانەی لەناو حەشدی شەعبیدان لەکاتی جەنگدا بریندارو‌شەهید دەبن. (جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء،قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ٢٩ في ٢٢/٧/٢٠١٤).

سێیەم: دانیشتنی ڕۆژی (٥ ئابی ٢٠١٤) بەسەرپەرشتی (نوری مالیکی) سەرۆك وەزیری پێشووی عێراق ئەم بڕیارە گرنگانەی تیدا درا:

پێشکەشکردنی ئەو ئۆتۆمبیلە گەورەو بچوکانەی کە موڵکداریان دەگەڕێتەوە بۆ ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیران‌و وەزارەتەکان، ئەوانەی کەزیادەن؛ بۆ وەزارەتی بەرگری بەمەبەستی یارمەتیدانی لیژنەی حەشدی شەعبی.(جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ٣٠ في ٠٥/٠٨/٢٠١٤).

چوارەم: دوای ئەوەی (حەیدەر عەبادی) بوو بەسەرۆك وەزیرانی عێراق، لەدانیشتنی ڕۆژی (٣٠ ئەیلولی ٢٠١٤) ئەنجومەنی وەزیرانی بڕیاریدا سەرۆك وەزیران سەرپشك بکات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی حەشدی شەعبی‌و توانا سەربازییەکانی لە چەك‌و پێداویستی جەنگی‌و دابینکردنی مووچەو شایستەی دارایی بۆ خۆبەخشەکانی ناو حەشدی شەعبی. (جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ٤ في ٣٠/٩/٢٠١٤).

پێنجەم: هەروەها لەدانیشتنی ژمارە (٩) لە(١١ کانونی دووەمی ٢٠١٤) ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق بەسەرپەرشتی (حەیدەر عەبادی) کۆبویەوەو ئەم بڕیارەی دەرکرد: شەهیدی هێزەکانی حەشدی شەعبی هەمان ئەو ماف‌و جیاوکانە دەیانگرێتەوە کە شەهیدی هێزە چەکدارەکانی حکومەتی عێراقی هەیانە. (جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ٩في ١١/١١/ ٢٠١٤).

شەشەم: لەیەکەم دانیشتنی ساڵی (٢٠١٥) لە(٧ کانونی دووەمی ٢٠١٥) ئەنجومەنی وەزیران بەسەرپەرشتی (حەیدەر عەبادی) کۆبویەوەو چەندین بڕیاری دەرکرد لەوانە: ئەو خانەنشین‌و فەرمانبەرانەی کەلەسەر میلاکی وەزارەتەکان‌و لایەنەکانی دیکەی حکومەتی عێراقیەو، پەیوەندیان بەبەرەکانی جەنگەوە کردووە لەچوارچێوەی خۆبەخشانی حەشدی شەعبیدان، ئەو دەرماڵەی خواردن‌و مەترسی‌و کاری ناوازەیان پێدەدرێت کەبەپێی فەرمانی دیوانی ژمارە (٤٨) ساڵی (٢٠١٤) دراوە بەجەنگاوەران. (جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ١في ١/٧/ ٢٠١٥).

حەوتەم: لەدانیشتی ژمارە (٧) ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقدا، ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی ڕاسپارد بڕی (٦٠) ملیون دۆلار تەرخانبکات بۆ بونیادنانی تواناکانی حەشدی شەعبی. (جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ٨ في ٢٤/٢/٢٠١٥).

هەشتەم: لەدانیشتنی ڕۆژی (١ ئازاری ٢٠١٦) ئەنجومەنی وەزیران، وەزارەتی دارایی ڕاسپارد بڕی (١٠) ملیار دینار بۆ وەزارەتی تەندروستی عێراق تەرخان بکات تاوەکو برینداەکانی (پرۆسە سەربازییەکان‌و حەشدی شەعبی) لەنەخۆشخانەکانی عێراقدا چارەسەر بکەن. (جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، (١٠) مليار دينار تخصيصات تمويل موازنة الإخلاء الطبي لجرحى العمليات العسكرية والحشد الشعبي).

نۆیەم: لەدانیشتی ژمارە (٩) کە لە (٧ نیسانی ٢٠١٥) ئەنجومەنی وەزیران بڕیارێکی دەرکرد بۆ هەموو وەزارەت‌و دامەزراوەکانی دەوڵەتی عێراق کە وەك دەستەیەکی فەرمی مامەڵە لەگەڵ دەستەی حەشدی شەعبیدا بکەن، بەو پێیەی ئەم دەستەیە بەستراوەتەوە بەسەرۆك وەزیرو فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان‌و، سەرۆك وەزیر خۆی سەرپەرشتی کۆنترۆڵ‌و ڕێکخستنی هێزەکانی حەشدی شەعبی دەکات. (جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ١٤في ٤/٧/ ٢٠١٥).

دەیەم: (حەیدەر عەبادی) بە فەرمانی دیوانی ژمارە (٩١) لە (٢٠١٦/٢/٢٤) حەوت بڕیاری گرنگ وچارەنوسسازی دەرکرد تایبەت بۆ هێزەکانی حەشدی شەعبی. لەم فەرمانەدا حەشدی شەعبی کرایە هێزێکی شەرعی وهاوتای هێزی دژە تیرۆری عێراقی و، پەیکەرێکی ڕێکخستنی سەربازی بۆ دەکرد. وەك لەخاڵی یەکەمی فەرمانەکەدا هاتووە کە حەشدی شەعبی پێکهاتەیەکی سەربازی سەربەخۆیەو بەشێکە لەهێزە چەکدارەکانی عێراق و لەژێر فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێرقدایە. (امر ديواني رقم ٩١).

یازدەیەم: لەهەموو ئەم بڕیارانە گرنگتر دەرکردنی یاسای (حەشدی شەعبی) بوو کە لە (٢٦ تشرینی دووەمی ٢٠١٦) لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقەوەو بەزۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەرچوێنرا.(الامم المتحدة، ٢٠١٧: ص٢). ئەم یاسایە کە لە (١١) ماددە پێکهاتووە وەك لە مەبەستی دەرچواندنی یاساکەدا هاتووە بۆ پاراستن وپارێزگاری وپێدانی ڕەوایەتی دەستێوەردانی سەربازی لەو ناوچانەی جەنگی تێدایە بۆ گروپ و پێکهاتەکانی حەشدی شەعبی. هەروەها بۆ ئەوەیە نە لەئێستاو نە لەداهاتووشدا هیچ کەس ولایەنێك نەتوانێت حەشدی شەعبی بکاتە ئامانج. ئەمە جگە لەدەستەبەرکردنی ماف وجیاوکی ماددی ومەعنەوی بۆیان. (قانون رقم ٤٠ لسنة ٢٠١٦: قانون هيئة الحشد الشعبي).

ئەم یاسایە زۆر بەروونی حەشدی شەعبی کرد بەدامەزراوەیەکی فەرمی وهەموو ماف وجیاوکێکی ماددی ومەعنەوی ورەوایەتییەکی یاسایی

تۆکمەی پێبەخشین. لێرەوە چیتر حەشدی شەعبی لەو ترسە رزگاری بوو کە وەك میلیشیا بناسرێن ومامەڵەی گروپەکانی دەرەوەی پەیکەری رێکخستنی سەربازی وئەمنی عێراق لەگەڵدا بکرێت. هەڵبەتە کۆمەڵێك هۆکاری سەرەکی لەپشت دەرکردنی ئەم یاسایەوە لەلایەن هاوپەیمانی نیشتیمانی شیعەکان لەخولی پێشووی پارلەمان و حکومەتی عێراقەوە بوو؛ لەگرنگترین ئەو هۆکارانە (legalization sectarianism: future for advanced research studies.p .٢. احمد علي: مأسسة الطائفية) : ١- فشارەکانی ئێران بۆ سەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی حەشدی شەعبی تێکەڵ بەسوپای عێراق بکەن، بەم کارەش بیانوی ئەوە ناهێڵن کەحەشدی شەعبی لەداهاتوودا هەڵبوەشێنرێتەوە. ٢- هێزە شیعییەکان وەك هەنگاوێکی پیشوەختە هەوڵی چڕیاندا بۆ دەرکردنی ئەم یاساییە، چونکە یاساکە شەرعییەتی تەواو بە هێزە چەکدارەکانی شیعە دەدات کە لەدوای نەمانی مەترسی داعشیش بمێننەوە، نەك هەر ئەمە بەڵکو تێکەڵ بەپرۆسەی سیاسیش بن. بەکرداریش ئەم ئامانجەیان پێکا.
٣- دەرکردنی ئەم یاسایە پەرژینێکی یاسایی وشەرعی بەهێزە چەکدارە شیعییەکان بەخشی کە لەدەرەوەی سنوری عێراقیش چالاکی بکەن.
٤- مەبەستی سەرەکی دروستکردنی حەشدی شەعبی هاتن وسەرهەڵدانی داعش بوو، بۆیە هێزە شیعییەکان مەترسی ئەوەیان لادروستبوو کە بەنەمانی ئەم هێزە پاساوی مانەوەیان لاواز بێت یاخود نەمێنیت، بۆیە دەرکردنی یاسایەك بۆی گەرەنتی مانەوەیان دەکات لەداهاتوودا.
٥- فشارەکانی ئەمریکا بۆ سەر (حەیدەر عەبادی) سەرۆك وەزیری پێشووی عێراق بەوەی کە نابێت هێزەکانی حەشدی شەعبی بەشداری ئازادکردنی موسڵ بکەن. بۆیە دەرکردنی یاسایەك بۆیان وبەشەرعیکردنیان ئەم فشارانەی ئەمریکای  لەسەر کەمکردنەوە.

دوازدەیەم: لەرووی داراییشەوە حکومەتی عێراق بوودجەیەکی تایبەتی تەرخان کردووە بۆ حەشدی شەعبی بۆ مووچەی ئەندام وچەکدارەکانی وپرسی راهێنان وکڕینی چەك وکەرەستەی سەربازی. لەساڵی (٢٠١٥) نزیکەی شەش ترلیۆن وسی وشەش ملیار دینارو، لە (٢٠١٦) نزیکەی دوو ترلیۆن وسەدو شەست ملیار دینارو، لە (٢٠١٩) نزیکەی دوو ترلیۆن ونەوەد وهەشت ملیار دینار؛ ئەمەی دواییان لەبوودجەی تەرخانکراو بۆ هەر چوار پارێزگای (ئەنبار، سەلاحەدین، موسڵ، کەرکوك) زیاترە کەنزیکەی (٤٩٪) خاکی عێراق پێکدەهێنن و، یەك لەسەر سێی دانیشتوانی عێراق لەخۆدەگرن.

لەبەر رۆشنایی هەموو ئەوانەی لەسەرەوە باسکران دەتوانین بڵێین کە حەشدی شەعبی چیتر ترسی ئەوەی لانەماوە کە وەك میلیشیاو هێزی دەرەوەی یاسا مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت وداهاتووی بکەوێتە مەترسیەوە. بەڵکو لەرێگەی ئەو یاساو بڕیارانەی کە لەلایەن پارلەمانو حکومەتی عێراقیەوە لەمەڕ ئەم هێزانە دەرچوێنراون، حەشدی شەعبی شانبەشانی سوپا وپۆلیس ودەزگای هەواڵگیری وهێزەکانی دژە تیرۆری عێراق؛ بوونێکی یاسایی وشەرعی بۆ خۆی دەستەبەرکردووە ئەمەش وایکردووە کە ئەم هێزە رۆڵێکی گەورەی لە ژیانی سیاسی و سەربازی وئابووری عێراقدابگێرێت.

تەوەری دووەم: هەڵوێستە جیاجیاکانی ناوخۆو دەرەوەی عێراق دەربارەی میلیشیاکانو حەشدی شەعبی بەگشتی

بەگشتی، هەڵوێستی پێکهاتە جیاجیاکانی ناوخۆی عێراقو، وڵاتانی دراوسێی عێراقو، هێزە نێودەوڵەتییەکان دەربارەی میلیشیا شیعەکانی عێراقو حەشدی شەعبی، هەڵوێستگەلێکی جیاوازەو، بارگاوییە بەرەهەندی ئاینیو بەرژەوەندی سیاسیو پاوانخوازی ئابووریو سەربازی. ئەم تەوەرە لەرێگەی ئەم دوو باسەی خوارەوە هەوڵدەدات ئەو هەڵوێستانە بخاتە روو.

باسی یەکەم: هەڵوێستی پێکهاتەکانی ناوخۆی عێراق لەمەڕ میلشیاکانی حەشدی شەعبی

عێراق وڵاتێکی فرە نەتەوەو ئاینو مەزهەبو زمانی جیاواز جیاوازە، بەدرێژایی مێژووی دروستبوونی ئەم دەوڵەتەش، ئەم فرەییە بووەتە فاکتەری لاوازیو دروستنەکردنی دەسەڵاتێکی دیموکراسو مۆدێرن لەعێراقدا. وێستگە مێژووییەکانی عێراق پڕن لەنمونەی چەوساندنەوەی پێکهاتەی نەتەوەو تایفەی باڵادەست بۆ نەتەوەو تایفەکانی دیکە. جێی خۆیەتی لێرەدا هەڵوێستی فەرمی پێکهاتە جیاوازەکانی عێراق دەربارەی میلیشیا شیعییەکانو حەشدی شەعبی، بخەینەروو.

**١- هەڵوێستی کورد:**

هەڵوێستی کورد لەمەڕ حەشدی شەعبی بەدوو ئاراستەی سەرەکیدا دەڕوات، یەکەم: هەڵوێستی حکومەتی هەرێمی کوردستان. دووەم: هەڵوێستی هێزە سیاسییەکانی ناوخۆی هەرێمی کوردستان. لەهەمان کاتدا ئەم دوو هەڵوێستە یەك جۆر نینو جیاوازن. ئەوەی تایبەتە

بەحکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە تائێستا بەشێوەیەکی فەرمی مامەڵەی لەگەڵ حەشدی شەعبیو میلیشیا شیعەکان نەکردووە، بەڵام ئەمە نەبووەتە مایەی ئەوەی حکومەتی هەرێم دژایەتی خۆی بۆ ئەم هێزە دەربڕێت، بەڵکو سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان (کابینەی هەشتەم) هەڵوێستی لەبارەی حەشدی شەعبیەوە تارادەیەك نەگۆڕە، بەوەی کە لەتێکشکاندنو ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر هیچ کێشەیەکیان لەگەڵ حەشدی شەعبی نیەو، بەڵکو هاوکاری یەکدیش دەکەن لەڕووبەڕووبونەوەی (داعش). بەڵام چی سەرۆکایەتی هەرێمو چی حکومەتی هەرێمیش خاوەن هەڵوێستی توندبوون لەبەرامبەر بوونی میلشیاکانی حەشدی شەعبی لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم کەهێزی پێشمەرگەی کوردستان ئازادی کردن. (مەسرور بارزانی) ڕاوێژکاری ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان لەچاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ کەناڵی (BCC) ئەوەی وت:» کەمەترسی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لەداهاتوودا هیچی لەمەترسییەکانی داعش کەمتر نابێت لەعێراقدا». (موقف كردي مفاجئ: مليشيات الحشد الشعبي الشيعية أخطر من داعش، ٢٠١٥). ئەوەشیان ڕەتکردەوە کەهێزی پێشمەرگە لەو ناوچانە بکشێتەوە کەئازادی کردون. ئەوەش وایکرد لەچەند شوێنێکیشدا پێکدادانی چەکداری لەنێوان هێزی پێشمەرگەو حەشدی شەعبی ڕوویدا، وەك ئەوەی لەدووز خورماتوو ڕوویدا لەنێوان هێزی پێشمەرگەو حەشدی شەعبی لەکۆتاییەکانی ساڵی (٢٠١٤) وسەرەتای ساڵی (٢٠١٥). هەروەها لە (٢٠١٧/١/٢٦) گروپێکی حەشدی شەعبی بەتۆپهاوێژ هێرشی کردە سەر هێزەکانی پێشمەرگە لەڕۆژهەڵاتی قەزای شەنگال. هەرچەندە حکومەتی هەرێمو خانەی ڕاگەیاندنی جەنگی هەریمی کوردستان ڕایانگەیاند ئەم ڕووداوە گوزارشت ناکات لەبۆچونی فەرمی حەشدی شەعبی. (فصيل من الحشد الشعبي يقصف قوات البيشمركة في سنجار ). بەڵام لەدوای ڕووداوەکانی (١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧) کە(٥١٪) خاکی کوردستان دووبارە کەوتنەوە دەست هێزە عێراقییەکان ومیلیشیاکانی حەشدی شەعبی، دامەزراوە فەرمیەکانی هەرێمی کوردستان هەرچەندە هەڵوێستی توندیان بەرامبەر ئەم کارەساتە نەتەوەییە هەبوو، بەڵام لەهەمان کاتیشدا نێو ماڵی کوردی پەرتەوازەکردو، تۆمەت بەخشینەوەی خیانەت لەنێوان هەردوو حزبی دەسەڵاتدار (ی.ن.ك) و(پ.د.ك) بووە نەریتێکی دیکەی ناو مێژووی سیاسی کورد. (یەکێتی وپارتی لە (١٦)ی ئۆکتۆبەردا چی بەیەکتردەڵێن؟ ٢٠١٧).

لەسەر ئاستی حزبە سیاسییەکانی کوردستانیش، هاوهەڵوێستیو کۆدەنگی تەواو نییە لەنێوانیاندا دەربارەی حەشدی شەعبی، بەپلەی یەکەم پارتی دیموکراتی کوردستان چەندینجار ئەوەی ڕاگەیاندووە کەحەشدی شەعبیو میلیشیاکانی مایەی هەڕەشەو مەترسین بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان، لەهەمان کاتدا پارتی پێداگری لەسەر ئەوە دەکرد کەپێویستە دوای نەمانی داعش، میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دووبارە ڕێکبخرێنەوەو ئەندامەکانی بەسەر هێزەکانی ناوخۆو سوپادا دابەشبکرێنەوە، چونکە زۆرێك لەمیلیشیاکانی ناو حەشدی شەعبی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بەحزبە سیاسییەکانەوە هەیە کەلایەنگری عەقائیدی ڕەهایان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران هەیە، ئەمەش وادەکات لەداهاتوودا ئەم میلیشیایانە ببنە هەڕەشەی گەورە بۆ سەر پێکەوە ژیانی پێکهاتەکانی عێراقو، ناسەقامگیری سیاسی. (الديمقراطي الكردستاني: إلغاء الحشد الشعبي مابعد داعش ضرورة وطنية لأمن ومستقبل العراق). سەرباری ئەمە پارتی؛ حەشدی شەعبی بەوە تاوانبار دەکات کەیارمەتی پارتی کرێکارانی کوردستانی داوە لەناوچەی شەنگال. (الديمقراطي يتهم الحشد الشعبي بدعم حزب العمال الكردستاني). زیاد لەمە، پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبێکی باڵادەستو خاوەن دەسەڵاتی فەرمی لەهەرێمی کوردستان، ناکۆکی جەوهەری لەگەڵ هەندێك میلیشیاکانی حەشدی شەعبیدا هەیە، بەتایبەت (عەسائیبی ئەهل حەق، کەتایبی حزبوڵلا، بزوتنەوەی نوجەبا). زۆرجار ئەم میلیشیایانە پارتی بەلایەنگریو جێبەجێکەری ستراتیژی دەوڵەتی ئیسرائیل لەعێراقو هەرێمی کوردستان تاوانبار دەکەن.

سەبارەت بەهەڵوێستی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش لەهەمبەر حەشدی شەعبی، دەتوانین سێ قۆناغی سەرەکی دەستنیشان بکەین، قۆناغی پێش شەڕی دووزخورماتوو: لەم قۆناغەدا یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەشێوەیەکی نیمچە ڕاستەوخۆ یارمەتی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی دا کەهێزەکانی خۆیان لەبەغداو دیالەوە بەناو خانەقینو کەلارو کفریدا بگوازنەوە بۆ دووز خورماتوو وناحیەی ئامرلی بۆ شەڕی داعش، لەم قۆناغەدا هەماهەنگی لەنێوان حەشدی شەعبیو هێزەکانی یەکێتیدا هەبوو بۆ شەڕی داعش لەناحییەی ئامرلی. (پەرلەمانتاران داوای لێکۆڵینەوە لەپێشێلکاری میلیشیا شیعەکان لەکەلار دەکەن:٢٠١٤). قۆناغی دووەم: قۆناغی پاش شەڕی دووزخورماتوو و ئازادکردنی هەردوو ناحییەی جەلەولاو سەعدیە: لەم قۆناغەدا پەیوەندییەکانی حەشدی شەعبیو یەکێتی چووە قۆناغی ململانێی چەکداریو شەڕی دەستەویەخە

لەناو شاری دووزخورماتوو، لێرەوە یەكێتی هەڵوێستی توندو پەرچەكرداری لەبەرامبەر میلیشیاكانی حەشدی شەعبی گرتەبەرو، هەڵوێستی توندی لەبەرامبەر بوونی حەشدی شەعبی ومیلیشیاكانی وەرگرت لەو ناوچانەی كەهێزی پێشمەرگەی كوردستان ئازادی كردن بەتایبەت لە ناحیەی جەلەولاو قەرەتەپەو دووزخورماتوو. بەڵام هەموو ئەمانە رێگەی لەوە نەگرت فراكسیۆنی یەكێتی لە پارلەمانی بەغدا دەنگ بەپرۆژە یاسای حەشدی شەعبی نەدەن! (هستیار،٢٠١٦). قۆناغی سێیەم قۆناغی پاش (١٦ ئۆكتۆبەری ٢٠١٦)یە: لەم قۆناغەدا سوپای عێراق ومیلیشیاكانی حەشدی شەعبی تەواوی هێزە كوردییەكانیان لەناوچە كوردستانیەكانی دەرەوەی هەرێم بەدەرناو، بێ هیچ بەرگرییەك شاری كەركوك ودوزخورماتوو وگوڵاڵەو خانەقین ومەخمورو پردێ وزۆر شوێنی دیكە رادەستی سوپای عێراق وحەشدی شەعبی كرا. لەم ماوەیە بەدواوە ئیدی هەڵوێستی یەكێتی وحزبە كوردییەكانی دیكەش بەرامبەر بەحەشدی شەعبی گۆڕانی بەسەردا هاتووە و وەك هێزی داگیركەر تەماشایان دەكەن.

هەرچی پەیوەندی بەحزبە ئیسلامییەكانەوە هەیە، ئاشكرایە كەئەم حزبانە زیاتر لەروانگەیەكی مەزهەبییەوە تەماشای حەشدی شەعبیو میلیشیاكانی دەكەنو، سوورن لەسەر ئەوەی حەشدی شەعبی هێزگەلێكی مەزهەبی عەقائیدین و، مەترسی گەورەیان هەیە لەسەر داهاتووی پرۆسەی سیاسی لەعێراقو، پێگەو ئەزموونی هەرێمی كوردستان.

بەكورتی، دەتوانین بڵێین هەڵوێستی كورد لەمەڕ حەشدی شەعبیو میلیشیاكانی، هەڵوێستێكی روونو ئاشكرا نییە، بەڵكو زیاتر ئەم هەڵوێستە وەك پەرچەكرداری كردەوەكانی حەشدی شەعبیو گروپە جیاجیاكانی ناوی بەرامبەر بەهەرێمی كوردستانو ناوچە كوردستانییەكانی دەرەوەی هەرێم دەبینرێن، ئەمەش وایكردووە هەرێمی كوردستانو هێزە سیاسییەكان هەڵوێستی ستراتیژیو نیشتمانیان نەبێت لەبەرامبەری.

**٢- هەڵوێستی عەرەبی سوننە**

عەرەبی سوننە لەعێراق لەكێشەیەكی قوڵی سیاسیو نوێنەرایەتیو حزبیو تایفیدا دەژین، ئەستەمە هەڵوێستی سوننە بەرامبەر بەحەشدی شەعبی بەوردی دەستنیشان بكرێت، ئەوەش لەبەر ئەم هۆكارانە: ١- عەرەبی سوننە وەك پێكهاتەیەكی ئاینی لەعێراقدا یەكگرتوو نین. ٢- خاوەن حزبێكی سیاسی كاریگەر یان گەورە نین بتوانێت گوزارشت لەخواستو داواكارییەكانیان بكات. ٣- بەدەست پەرشوبڵاوی وهەڕەمەكی نوێنەرایەتی كردنەوە دەناڵێن. ٤- زیاتر وەك گروپی عەشایەریو گردبوونەوەی خێڵەكی دەرئەكەون. ٥- داگیركردنی ناوچەكانیان لەلایەن داعشەوەو هەماهەنگی هەندێكیان بۆیان، لەهەمان كاتدا دروستكردنی چەندین گروپی جیا جیای چەكدار لەهۆزو عەشیرەتە عەرەبە سوننەكانی پارێزگای ئەنبارو سەلاحەدینو موسڵ كەشانبەشانی هێزە عێراقییەكانو حەشدی شەعبی لەدژی داعش دەجەنگن. ٦- شوێنكەوتوویيو لایەنگری بۆ وڵاتانی عەرەبی بەتایبەتی سعودیەو قەتەرو توركیا.

بەڵام سەرباری ئەو هۆكارانەی سەرەوە بۆ ئەستەمبوونی دەستنیشانكردنی هەڵوێستی عەرەبی سوننە بەرامبەر بە حەشدی شەعبیو میلیشیاكانی، دەكرێت هەڵوێستیان بەسەر سێ ئاراستەی سەرەكیدا دابەشبكەین: یەكەم: ئاراستەی لایەنگری: ئەم ئاراستەیە خۆی لەلاینگری بۆ حەشدی شەعبی دەبینێتەوەو گرنگترین كەسایەتییەكانیشی (سەلیم جبوری) سەرۆكی پێشووی پارلەمانی عێراقە. لەكاتی بڕیاردانی یاسای حەشدی شەعبیش لەپارلەمانی عێراق جبوری ئەوپەڕی پاڵپشتی خۆی بۆ یاساكە دەربڕیو بەوەرچەرخانێكی پۆزەتیڤیش بۆ سوننەو پێكهاتەكانی دیكە ئەژماردی. دووەم: ئاراستەی دژایەتی: ئەم ئاراستەیە هەردوو برا (ئوسامەو ئەسیل نوجێفی) نوێنەرایەتی دەكەن، هێزێكیان بەناوی حەشدی وەتەنیەوە دامەزراندووە كە لەخۆبەخشەكانی هۆزەكانی عەرەبە سوننەكانی پارێزگای موسڵو ئەفسەرەكانی سوپای هەڵوەشاوەی عێراق پێكدێت، راستەوخۆش لەلایەن توركیاوە پاڵپشتی دەكرێن. (ریناد، ٢٠١٦). ئەم هێزە زۆر بەروونی دژی حەشدی شەعبینو پێیانوایە مەترسی حەشدی شەعبی هیچی كەمتر نییە لەمەترسی داعش، چونكە پێیانوایە حەشدی شەعبی دوای ئازادكردنی موسڵ لەچنگی داعش راستەوخۆ دەیدەنە دەستی ئێرانەوە. (الحشد الوطني: سنقاتل الحشد الشعبي بشراسة اذا اقترب من الموصل). سێیەم: ئاراستەی بێدەنگیو چاوەڕوانی: ئەم ئاراستەیە لەناو عەرەبی سوننەدا زیاتر لەناو ئاوارەكانو ئەوانەدایە كە لەشوێنەكانی خۆیان ماونەتەوە یان گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان، نە پشتگیری نە لایەنگیریان بۆ حەشدی شەعبی نییە، بەڵكو زیاتر لەبارێكی دڵەڕاوكێو ترسو چاوەڕوانیدا دەژین، توشی جۆرێك لەرەشبینی لەداهاتووی خۆیان هاتوون، ئەوەش لەبەرئەوەی نە بڕواو متمانەیان بەنوێنەرو سەركردەكانیان ماوە، نە بەحكومەتی عێراقو دامەزراوەكانی،

حەشدی شەعبیش لەبەرئەوەی قوربانیان بۆ ئازادکردنی شوێنەکانیان داوە، ناتوانن بۆچوونی راشکاویان دەربارەیان هەبێت.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین، لەبەرئەوەی عێراق ئەمڕۆ لەدۆخێکی ململانێی سەختی مەزهەبیو تایفیدا دەژیتو، پێکهاتەی عەرەبی شیعەش بەتەواوەتی باڵادەستن چی لەرووی هێزەوە بێت یاخود ژمارە یا لەسەر ئاستی سوپاو حکومەتو، تەنانەت پارلەمانیش، لەولاشەوە پێکهاتەی عەرەبی سوننە لەباری کشانەوەو لەقاڵبدانو بچووککردنەوەدان، هەستێکی دوژمنکارانەی ئەوتۆیان لادروست بووە کە هیچ گەرەنتیەکی ئەوتۆ لەئارادا نییە رێگری لەسەرهەڵدانی جۆرێکی دیکەی کوشتارو شەڕی تایفی لەنێوانیاندا بکات.

**٣- هەڵوێستی تورکمان:**

پێکهاتەی تورکمان لەعێراقدا، سێیەمین پێکهاتەی سەرەکیە لەدوای هەردوو پێکهاتەی عەرەب وکورد. جوگرافیای دابەشبونیشیان زیاتر لەپارێزگای کەرکوکو موسڵو هەولێرو، چەند شوێنێکی دیکەی عێراقە. لەرووی ئاینیشەوە زۆرینەیان موسڵمانن وبەسەر هەردوو مەزهەبی سوننەو شیعەدا دابەشبوون. لەراستیدا تورکمانەکان لەناوخۆیاندا یەکگرتوو نین، بەڵکو بەهۆی درێژبوونەوەی گیانی مەزهەبگەراییەوە لەنێوانیادا (سوننە و شیعە)، بەسەر چەندین حزبی سیاسی جۆربەجۆردا دابەشبوون وەك حزبی (تورکمان ئیلی بەسەرۆکایەتی ریاز ساری کەهیە، حزبی دادی تورکمانی عێراق بەسەرۆکایەتی ئەنوەر بەیرەقدار، حزبی بریاری تورکمانی بەسەرۆکایەتی عەبدوڵا عەبدولرەحمان، بزوتنەوەی نەتەوایەتی تورکمانی بەسەرۆکایەتی حوسامەدین وەلی عەلی)، بەڵام خاڵی هاوبەشی زۆربەی ئەو حزبانە، لایەنگریانە بۆ دەوڵەتی تورکیا. ئەوە ئاشکرایە کە تورکمانە شیعەکان، بەتایبەتی تورکمانە شیعەکانی کەرکوك و دووزخورماتوو وناحییەی ئامرلیو تازەو داقوق، بەتەواوەتی لەناو حەشدی شەعبیدا جێگەیان بوەتەوەو، چەندین میلیشیای تایبەت بەخۆیان دامەزراندووە یاخود لەناو میلیشیاکانی دیکەی حەشدی شەعبیدا هەن بەتایبەتی رێکخراوی بەدرو عەسائیبی ئەهلی حەقو حزبوڵڵا و سەرایای خۆراسانی. بەڵام تورکمانە سوننەکان، هەرچەندە وەك لایەنی نەتەوەیی پەیوەندییان لەگەڵ تورکمانە شیعەکاندا هەیە، بەڵام بەچاوی مەترسیو گومانەوە لەحەشدی شەعبی دەڕوانن، چونکە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی سیاسیو تایفی عێراقو، ئەو پەرەسەندنانەی لەم دوایەدا بەهاتنی داعش روویانداوە، ئەو دوو دڵیەی لای سوننە بەگشتی دروست کردووە کەحەشدی شەعبی وەك هێزێك کە بەتەواوەتی لەژێر هەژموونو کۆنترۆڵی سەرکردەو پیاوانی ئاینی شیعەدایەو، رادەی هێزو رێکخستنو توانای شەڕکردنو گردکردنەوەی زۆرترین لاوو گەنجی شیعە مەزهەب لەعێراق لەدەوروبەری خۆیان، ئەگەری زۆری هەیە لەداهاتوودا ببێتە مەترسیەکی گەورە بۆ سەر پێکهاتەی سوننە، لەم روانگەیەوە تورکمانە سوننەکان هەڵوێستیان پارێزگاریخوازە بەرامبەر بەحەشدی شەعبی، بەڵام نەك بەمانای دژایەتی کردن. ئەم هەڵوێستەش بەرووونی لەپرۆسەی ئازادکردنی شارۆچکەی تەلعەفەردا هاتە کایەوە، کەهەندێك لەحزبە تورکمانەکان دژی ئەوەبوون حەشدی شەعبی بەشداری لەئازادکردنی ئەو شارۆچکەیە بکاتو بچنە ناوییەوە، بەوەی کە ئەو هێزە دەبنە مەترسی بۆ سەر دانیشتوانەکەی کەزۆرینەی تورکمانەو، دەبنە هۆی گۆڕینی دیمۆگرافیای شارۆچکەکە. (مقابلة مع أيدن معروف). بەڵام بەشێوەیەکی گشتی تورکمانەکان بە شیعەو سوننەوە بەتایبەتی ئەوانەی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لەم دوایەدا هەڵوێستی پۆزەتیڤیان بەرامبەر بەحەشدی شەعبی هەیە. حزبی دادی تورکمانی کەزۆربەی سەرکردەکانی لەپێکهاتەی سوننەن بەتەواوەتی لەناو حەشدی شەعبیدان. هەر دوو لیوای (١٦ و ٥٢)ی ناو حەشدی شەعبی بەتەواوەتی لەتورکمان پێکهاتووە. (محمود، ٢٠١٧).

باسی دووەم: هەڵوێستی وڵاتانی هەرێمی ونێودەوڵەتی

**١- هەڵوێستی تورکیا:**

هەڵوێستی فەرمی تورکیا سەبارەت بەحەشدی شەعبی هەڵوێستێکی توندەو، بەشێوەیەکی فەرمی لەگەڵیدا مامەڵە ناکات، بەڵکو لەچەندین دیدارو لێدواندا، کاربەدەستانی تورکیا ئەوەیان راگەیاندووە کە تورکیا لەگەڵ ئەوەدایە هەموو هێزەکانی ناوخۆی عێراق دەبێت لەچوارچێوەی مەنزومەی ئاسایشی بەرگری فەرمی عێراقدا کۆبکرێنەوەو لەلایەن خودی حکومەتی عێراقییەوە سەرپەرشتی بکرێن. ئەمەش هەڵوێستێکی چاوەڕوانکراوە، چونکە تورکیا حەشدی شەعبیو میلیشیاکانی وەك هێزگەلێکی تایفی شیعی دەبینێتو، لەخزمەت ئەجێنداو ستراتیژی سیاسیو ئاسایشیو ئابووریو مەزهەبی ئێراندا دایدەنێت. (رەجەب تەیب ئەردۆگان) سەرۆك کۆماری تورکیا لەهەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ کەناڵی جەزیرە وتی: «حەشدی شەعبی رێکخراوێکی تیرۆریستیەو، ئێران پاڵپشتیان دەکات».(بلا حدود – أول حوار تلفزيوني مع أردوغان بعد الاستفتاء على

تغيير نظام الحكم، ٢٠١٧). هەڵوێستی تورکیا زیاتر لەساتەوەختی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ لەجەنگی داعشدا، دەربارەی حەشدی شەعبی بەدەرکەوت، بەجۆرێك کە (مەولود چاوش ئۆغلۆ) وەزیری پێشووی دەرەوەی تورکیا ئەوەی راگەیاند کە: «مەترسی حەشدی شەعبی کەمتر نییە لەمەترسی داعش‌و، بەشداریکردنیشیان لە پرۆسەی ئازادکردنی موسڵ بەمەبەستی تۆڵەسەندنەوەیە، بەهاندان‌و پاڵپشتی ئێران دەچنە ناوچە سوننە نشیەنەکانەوە. تورکیا بەهەموو شێوەیەك دژی ئەوەیە کە حەشدی شەعبی بچێتە ناو شارۆچکەی تەلعەفەرەوە». ( تركيا تحذّر الحشدالشعبي: يستهدفون مناطق السنة. وسندافع عن التركمان،٢٠١٦) . هەمان هەڵوێست لەسەر زاری (نەعمان قورتولموش) جێگری پێشووی سەرۆك وەزیری تورکیاو وتەبێژی فەرمی حکومەتی تورکیا دووبارە کرایەوە، کە وتی:»پێویستە لەسەرمان رێگە بەرێکخراوێکی تیرۆریستی واتە (حەشدی شەعبی) نەدەین بەشداری ئازادکردنی موسڵ بکات لەجەنگی رێکخراوێکی دیکەی تیرۆریستی واتە (داعش). دەبێت رێگەنەدەین حەشدی شەعبی کۆنترۆڵی موسڵ بکات. کۆنترۆڵ کردنی موسڵ لەلایەن حەشدی شەعبییەوە ئەگەری جەنگێکی تایفی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرێت». ( تركيا تحذر من تسليم الموصل للحشد الشعبي: ٢٠١٦). لەبەرامبەر ئەم هەڵوێستەی تورکیادا، حەشدی شەعبیش لای خۆیەوە دژایەتی خۆیان بۆ تورکیا نەشاردۆتەوە، تورکیا بە: « تاڵە قژی موعاویە دەبینن لەناوچەکەدا».( برنامج (فكر مرتين): قناةnrt العربية). ئەم گوزارشتەش لوتکەی دژایەتیکردنی وڵاتی تورکیاو، رەهەندێکی تایفی ئاینی تایبەت بەخۆی هەیە، کەپەیوەستە بەو ململانێ سەختە مێژووییەی کە لەنێوان هەردوو مەزهەبی سوننەو شیعەی ئاینی ئیسلامدا هەیە لەناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بەڵام لەدوای ریفراندۆمەکەی (٢٠١٧/٩/٢٥) هەرێمی کوردستانەوە، تورکیاو ئێران زیاتر بۆ دژایەتیکردنی ئەنجامی ریفراندۆمەکە لێکترنزیکبوونەوە. لەهەمان کاتیشدا هەڵوێستە توندەکانی تورکیا بەرامبەر بەحەشدی شەعبی کەمیکردەوە یاخود خۆی بەدوور دەگرێت لەناوهێنانیان. ( محمود، ٢٠١٧). پێش ریفرادۆمەکەش بەچەند مانگێك (٢٠١٧/٥/١٧) باڵوێزی تورکیا لەبەغدا ئاڵای حەشدی شەعبی بەرزکردەوە وەك نیازپاکیەك بەرامبەریان ودانان بەرۆڵیاندا لەناو پرۆسەی سیاسی وسەربازی عێراقدا.(السفير التركي ببغداد يرفع راية الحشد الشعبي:٢٠١٧).

بەکورتی دەتوانین ئەو ئەنجامگیریە بەدەست بخەین کە هەڵوێستی وڵاتی تورکیا لەمەڕ حەشدی شەعبی بەدوو قۆناغدا رۆیشتووە. قۆناغی یەکەم هەڵوێستێکی توندەو، ئەو هێزە بەهێزێکی تیرۆریستی تایفی داناو، وایدەبینی کەخزمەت بەئەجێنداو ستراتیژی وڵاتی ئێران دەکات لەعێراق‌و ناوچەکەدا، زیاتریش وەك هێزێکی تایفی تەماشای دەکرد. قۆناغی دووەم: هەڵوێستێکی میانڕەوترە؛ ئەوەش بەهۆی زیاتر لێکنزیکبوونەوەی هەرسێ حکومەتی (بەغدا-تاران- ئەنکەرە) لەدوای ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستانەوە.

**٢- هەڵوێستی شانشینی عەرەبی سعودیە:**

هەڵوێستی وڵاتی سعودیە لەمەڕ حەشدی شەعبی ئەوەندەی پەیوەندی بەململانێی مەزهەبی‌و رەهەندی ستراتیژی‌و ئارەزووی هەژموونی باڵادەستیەوە هەیە لەناوچەکەدا لەنێوان هەردوو وڵاتی سعودیەو ئێراندا، ئەوەندە پەیوەندی بەعێراقەوە نییە وەك شوێنی سەرەکی‌و جوگرافیای بوونی میلشیاکانی ناو حەشدی شەعبی. لەم روانگەیەوە وڵاتی سعودیە، حەشدی شەعبی وەك هێزگەلێکی میلیشیای تایفی دەبینێت‌و، ئامانجیشی خزمەتکردنە بەئەجێندای ئاینی‌و مەزهەبی کۆماری ئیسلامی ئێران. لەسەر زاری بەرپرسە باڵاکانی وڵاتی سعودیەوە چەندینجار ئەوە دووپاتکراوەتەوە کەحەشدی شەعبی هێزێکی تایفیەو، لەلایەن ئەفسەرە باڵاکانی ئێرانەوە بەتایبەتی (قاسم سولەیمانی) بەرێوەدەبرێت. لەنموونەی ئەو هەڵوێستە فەرمییانە ئاماژە بە لێدوانی (عادل جوبەیر) وەزیری پێشووی دەرەوەی وڵاتی سعودیە دەکەین کە لە (٢٩ حوزەیرانی ٢٠١٦) کە لەپەراوێزی سەردانەکەی وەلی عەهدی سعودیە میر( محەمەدی کوری سەلمان) بۆ فەرەنسا، لەپاریس داوای لەحکومەتی عێراق کرد کەحەشدی شەعبی هەڵبوەشێنێتەوەو، بەتەنیا سوپای عێراق رووبەرووی داعش ببێتەوە. ( الجبير: الحشد الشعبي طائفي وتقوده إيران). وەك پێداگیری لەسەر هەمان هەڵوێست (جوبەیر) لە(١٦ کانونی یەکەمی ٢٠١٦) لەبارەگای وەزارەتی دەرەوەی سعودیە لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەنوسیدا لەگەڵ (ناسر جەودە) جێگری سەرۆك وەزیران‌و وەزیری دەرەوەی وڵاتی ئوردن ئەوەی راگەیاند: « هەموو جیهان دەزانێت کەحەشدی شەعبی دامەزراوەیەکی تەواو تایفیەو، لەلایەن ئەفسەرە ئێرانیەکانەوە بەتایبەت (قاسم سولەیمان)یەوە بەرێوەدەبرێت، چەندین کوشتاری گەورەیان لەناوچەکانی عێراق بەتایبەتی لەپارێزگای ئەنبارو ناوچەکانی دیکەی عێراق ئەنجامداوە. ئەگەر ئێمە عێراقێکی یەکگرتوومان

دەوێت ئەوا نابێت بواری هیچ هێزێکی تایفی تیایدا بدەین، داواش دەکەین ئەو هێزە هەڵبوەشێنرێتەوە». ( السعودية: الحشد الشعبي مؤسسة طائفية يقوده إيرانيون).

بەکورتی دەتوانین بڵێین کە هەڵوێستی فەرمی وڵاتی سعودیە دەربارەی حەشدی شەعبی زیاتر گرێدراوی هەڵوێستی ئەم وڵاتەیە لەبەرامبەر وڵاتی ئێران، بەو پێیەی کەئێران وڵاتێکی مەزهەبی پان شیعیزمەو، کار لەسەر ناردنە دەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی لەسەر ئەو فۆرمەی کە لەئێراندا هەیە دەکات‌و، ململانێکی توندیشی لەگەڵ سعودیەدا هەیە؛ ئەمەش وڵاتی سعودیە بەگەورەترین مەترسی بۆ سەر پێگەی خۆی وەك وڵاتێکی ئیسلامی سوننە مەزهەب ئەژماری دەکات ئەمە لەلایەك، وەك مەترسیش بۆ سەر خودی بنەماڵەی (ئال سعود) کە کۆنترۆڵی تەواویان بەسەر دەسەڵاتدا هەیە لەسعودیە لەلایەکی دیکەوە. لەبەرئەوەش حەشدی شەعبی وەك هێزگەلێکی تایفی وملکەچو شوێنکەوتووی ئێران دەبینێت، بۆیە هەڵوێستی دوژمنکارانەو رەتکردنەوەی بۆی هەیە. ئەم هەڵوێستەش لەبەرامبەر حەشدی شەعبیدا وایکردووە پەیوەندییە دیبلۆماسی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و سەربازییەکانی نێوان عێراق‌و سعودیە بەرەو پێشەوەچوون بەخۆیەوە نەبینێت‌و بەردەوام لەباری گومان‌و تۆمەتبارکردنی دوولایەنەدا بمێنێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا هێشتا سعودیە نایەوێت پەیوەندی سیاسی و دیبلۆماسی خۆی لەگەڵ عێرقدا ببچڕێت بەهۆی مەلەفی یەمەن وسوریا وبەحرێن ئەمە لەلایەك، لەترسی ئەوەش کەعێراق بەتەواوەتی بکەوێتە ژێر دەستی ئێران و هێزە چەکدارە شیعەکانەوە لەلایەکی دیکەوە. (مركز الفكر الاستراتيجي للدراسات، ص ٧). بۆ ئەم مەبەستە سعودیە زیاتر لەرێگەی هێزی نەرمەوە (soft power) دەیەوێت مامەڵە لەگەڵ عێرقدا بکات وپەیوەندییەکانی نێوانیان بەرەو پێشەوە بەرێت. کردنەوەی کەناڵی ئاسمانی (ئێم بی سی عێراق) لەناو خاکی سعودیە لە(شوباتی ٢٠١٩) هەوڵێکی ئەو وڵاتەیە بۆ ئەم مەبەستە.(أم بي سي العراق.. طريق السعودية لعقول وقلوب أهل بلاد الرافدين).

**٣- هەڵوێستی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا:**

عێراق بۆ ئەمریکا رەهەندێکی ستراتیجی‌و ئابووری گرنگی هەیە، بەشێوەیەکی گەورە بایەخ بەپەرەسەندنەکان‌و پێشهاتە ناوخۆیی‌و دەرەکییەکانی عێراق دەدات، لەرێگەی چەند رێکەوتنێکی دوو لایەنەوە لەنێوان حکومەتی عێراق‌و ئەمریکادا، تارادەیەکی زۆر ئاراستەی پرۆسەی سیاسی‌و ئابووری‌و سەربازی عێراق لەژێر کۆنترۆڵی ئەجێنداو ستراتیژی ئەمریکادایە. بەو پێیەش کەئەمریکا دەستپێشخەرو هێزی یەکەم بوو لەرووخانی رژێمی پێشووی عێراق لە (٢٠٠٣)، ئەمریکا بەرپرسیارێتی گەورەی کەوتە سەرشان بەوەی کەدووبارە عێراق لەسەر بنەماگەلێکی نوێی نیشتیمانی‌و دیموکراسی‌و مەدەنی بونیاد بنێتەوە، هەرچەندە لەم ئەرکەیدا شکستی خوارد، بەڵام هەژموونی خۆی بەسەر عێراقدا هێشتوەتەوەو، تائێستاش لەزۆر پرسی سیاسی‌و ئابووری‌و سەربازیدا ئەمریکا خاوەن قسەی یەکلایکرەوەیە بەنیسبەت عێراقەوە.

هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە گروپەکانی ناو حەشدی شەعبی یەك هەڵوێست نییە، بەڵکو تەنها چەند گروپێکی ناو حەشد بەمیلشیا دەزانێت و، بەمەترسی بۆ سەر ئاسایش وپرۆسەی سیاسی لەعێراق دادەنێت. باڵوێزی ئەمریکا لەبەغدا لەسەر ماڵپەری فەرمی خۆی لەسەر فەیسبووك لە (٣١ ئۆکتۆبەری ٢٠١٨) خاڵی شەشەمی داواکاریەکانی ئەمریکای بۆ لابردنی گەمارۆکان لەسەر ئێران بڵاوکردەوە کەتیایدا داوا لەئێران دەکات رێز لەسەروەری عێراق بگرێت‌و رێگە بەچەکداماڵینی میلیشیا تایفیەکان بدات وهەڵبوەشێنرێنەوە. (U.S Embassy Baghdad).

هەڵوێستی ئەمریکا بەتایبەتی بەرامبەر بە(عەسائیبی ئەهلی حەق، بزوتنەوەی نوجەبا، کەتایبی حزبوڵا) هەڵوێستێکی توندەو لەناو لیستی تیرۆری ئەمریکادان. بەڵام ئەم هەنگاوەی ئەمریکا وەك (فلیپ سیس) پێی وایە؛ رەنگە ببێتە مایەی مەترسی گەورە بۆ سەر پرۆسەی سیاسی لەعێراق و خودی سیاسەتی ئەمریکاش، پاشان سود وەرگرتنی ئێران لەم میلیشیایانە کەوەك کارتێکی فشار بەکاریانبهێنێت بۆ کەمکردنەوەی فشارەکانی ئەمریکا لەسەری. (فلیب، ٢٠١٨). لەهەمان کاتیشدا دوورخستنەوەی ئەو گروپانە ئەستەمە لەپرۆسەی سیاسی عێراق؛ چونکە تەنها عەسائیب خاوەنی (١٥) کورسی پارلەمانە. بۆیە جیاکردنەوەی باڵی سەربازی لەباڵی سیاسی ئەو گروپانە دەکرێت لەداهاتوودا هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەریان بگۆڕێت. بەڵام مانەوەیان بەم شێوەیەی ئێستا وادەکات هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەریان هەڵوێستێکی توند بێت. تا ئەم ساتەوەختە ئەم هێزانە لای ئەمریکا میلیشیای تایفین ومەترسین بۆ سەر پرۆسەی سیاسی لەعێراق و وەکیلی سەرەکی جێبەجێکردنی ئەجێندا و ستراتیژی ئێرانن لەعێراق وناوچەکە.

لەبەرامبەردا بۆچوونی هێزەکانی ناو حەشدی شەعبی بۆچوون گەلێکی نێگەتیفە بەرامبەر بەئەمریکا، بەیارمەتیدانی داعش تاوەنباریان دەکرد،

زیاد لەوەش پێیان وابوو کەخودی داعش دروستکراوی ئەمریکا خۆیەتی. (قەیس خەزعەلی) ئەمینداری گشتی عەسائیبی ئەهلی حەق، کە یەکێکە لەبەهێزترین هێزە پێکهێنەرەکانی حەشدی شەعبی لە (١٢ ئەیلولی ٢٠١٦) ئەوەی دوپاتکردەوە کە: « ئەمریکا خۆی داعشی دروست کردووە، هیچ رۆژێکیش بەجدی کاری بۆ نەهێشتنی ئەم رێکخراوە تیرۆریستیە نەکردووە ئەوەش لەپێناو بەدیهێنانی بەرژەوەندیەکانی لەعێراق». (الخزعلي: أميركا تسعى لتقسيم العراق عبر بوابة نينوى،٢٠١٦). هەروەها (نازم جغێفی) سەرکردەی حەشدی شەعبی لەپارێزگای ئەنبار لە (٢٦ ئەیلولی ٢٠١٦) ئەوەی راگەیاند: « فرۆکەکانی ئەمریکا لەناوچە (دەلایە) کە بەدووری (٤٠)کم دەکەوێتە باکووری قەزای حەدیسە لەپارێزگای ئەنبار هەستاون بەگواستنەوەی سەرکردە بیانییەکانی داعش و دابەزاندنی سەرکردە عێراقییەکانی داعش لەو ناوچەیە، ئەمەش بۆ خزمەتکردنی زیاتر بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لەعێراق و ناوچەکە».( طائرات أمريكية تنفذ إنزالا في صحراء الأنبار وتنقل قادة بداعش إلى جهة مجهولة،٢٠١٦). ئەم تاوانبارکردنانەی ئەمریکا بەیارمەتیدانی داعش لەلایەن هێزەکانی ناو حەشدی شەعبییەوە لەسەروبەندی پرۆسەی ئازادکردنی موسڵدا تۆختربویەوە. لەم بارەیەوە رێکخراوی بەدر لەسەر پەڕەی فەرمی خۆی لەفەیسبووك وێنەی ڤیدیۆیی چەند پەرەشوتوانێکی بڵاوکردەوە کە لەلایەن فرۆکەکانی ئەمریکاوە لەسەر ئاسمانی قەزای تەلعەفەر بەریانی داوەتەوە بۆ یارمەتیدانی چەکدارانی داعش. (الحشد يتهم أمريكا بدعم «الدولة» بالموصل عبر مظليين). لەچەندین لێدوانی دیکەی هێزە جیاجیاکانی ناو حەشدی شەعبی دژایەتی خۆیان بۆ بوونی هێزەکانی ئەمریکا لەناو عێراق بەتایبەتی لەبەشداریکردنی لەپرۆسەی ئازادکردنی موسڵ دووپاتکردوە. لەپاش نەمانی داعش وپێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەتی عێراق وبەدەستهێنانی نزیکەی (٤٧) کورسی پارلەمانی لەلایەن لیستی فەتحەوە، هەروەها لیستی سائیرونی موقتەدا سەدر بۆچوونی نێگەتیف بەرامبەر ئەمریکا هەیەو، لەهەوڵی ئەوەشدان بەدەرکردنی یاسایەك لەلایەن پارلەمانەوە هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق وەدەربنێن.( مشرق،٢٠١٩).

بەکورتی دەتوانین بڵێین کەسیاسەتی ئەمریکا لەعێراقدا بەئاراستەیەکدا کارناکات هەماهەنگ بێت لەگەڵ چەند گروپێکی ناو حەشد، چونکە بەدرێژکراوەی سیاسەتی سەربازی وتایفی وپانشیعزیمی ئێرانی دەیانبینێت، لەهەمان کاتیشدا فشاری زۆری خستووەتە سەریان تاوەکو دەست لەپاشکۆیەتی ئێران هەڵبگرن وبەبێ بوونی باڵی سەربازی تێکەڵ بەپرۆسەی سیاسی عێراق بن. لەبەرامبەردا گروپەکانی حەشدی شەعبی هەڵوێستی نێگەتیفیان بەرامبەر بەئەمریکا هەیە ودەیانەوێت کۆتایی بە باڵادەستی ئەمریکا بهێنن لەعێراقدا؛ ئەمە ململانێیەکی سیاسی وستراتیژی دوور مەودایە لەداهاتوودا رەهەندەکانی بەدەردەکەن.

## تەوەری دووەم: رۆڵ وداهاتووی میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لەدوای نەمانی داعش

لەدوای راگەیاندنی کۆتایی هاتنی جەنگی دژ بەداعش لە (٩کانوونی یەکەمی ٢٠١٧) لەسەر زاری (حەیدەر عەبادی) سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق؛ فەرماندەو میلیشیاکانی ناو حەشدی شەعبی خۆیان بۆ قۆناغی دوای ئەو جەنگە ئامادەکرد. خولیای بەدەسهێنانی سەرکەوتنی سیاسی هاوشێوەی ئەو سەرکەوتنە سەربازیانەی لەبەرەکانی جەنگی دژ بەداعشدا بەدەستیانهێنا وایلێکردن بۆ هەڵبژاردنی (ئایاری٢٠١٨)ی پارلەمانی عیراق هاوپەیمانی گەورە لەنێوان خۆیاندا دروستبکەن بۆ بردنەوەی زۆرترین ژمارەی کورسی پارلەمانی. لەپاڵ ئەمەشدا؛ هێشتا ترس لەداهاتووی خۆیان نەرەویوەتەوە. ئەم تەوەرە لەرێگەی ئەم دوو باسەی لای خوارەوە شیکردنەوە بۆ ئەو هەوڵانەیان دەکات.

باسی یەکەم: رۆڵی فەرماندەو میلیشیاکانی حەشدی شەعبی لەپێکهێنانی پارلەمان وکابینەی نوێی حکومەتی عێراق

سروشتی پرۆسەی سیاسی لەعێراق بەتایبەتی لەپاش کۆنترۆڵکردنی نزیکەی (٤٠٪) خاکی عێراق لەلایەن داعشەوە؛ گۆڕانێکی چەندایەتی وچۆنایەتی بەسەردا هات. هەڕەشەی داعش بۆسەر بەغدای پایتەخت وتەواوی مەنزومەی سەربازی وئەمنی دەرگای کردەوە لەبەردەم دەستێوەردانی گروپ ومیلیشا ورێکخراوە شیعییەکان لەکایەی سەربازی وسیاسی وتەنانەت ئابووریش، بەجۆرێك کە رێگریەکی ئەوتۆی دەستووری ویاسای وسیاسی وشەرعی لەبەردەمیاندا نەمایەوە لەوەی بەئاشکرا ستراتیژو ئامانج ودروشمی سیاسی وئایئزایی خۆیان لەناو گۆڕەپانی سیاسیدا بخەنەروو.

ئەم میلیشیایانە رەوایەتیەکی ئاینی کەخۆی لەپاڵپشتی فەتوا بەناوبانگەکەی (سیستانی)و، پاشان پاڵپشتی(عەلی خامنەیی) مەرجەعی

ویلایەتی فەقیهی ئێران و، تەواوی مەرجەعە ئاینییەکانی ناوخۆی عێراقەوە (شیعە)، دەبینیەوە؛ بەدەستخست ولەهەمان کاتیشدا رەوایەتییەکی دەستوری وپاساییشیان بەدەستهێنا. تەواوی ئەم دەستکەوتە ئاینی وپاساییانە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی کرد بە دامەزراوەیەکی فەرمی و وایلێکردن کەرۆڵی یەکلاکەرەوە لەناو پرۆسەی سیاسی عێراقدا بگێرن.

وەك لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا گروپە چەکدارەکانی ناو حەشدی شەعبی؛ گروپگەلێکی خاوەن لایەندارێتی (ولاء) جیاوازن و لەیەك خانەی لایەندارێتیدا کۆنابنەوە. بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لایەندارێتی ئەم گروپانە بەسەر سێ ئاراستەی سەرەکیدا دابەشدەبن: یەکەم: لایەندارێتی بۆ (عەلی سیستانی) گەورە مەرجەعی شیعەکان لەعێراق. دووەم: لایەندارێتی بۆ (موقتەدا سەدر) رابەری رەوتی سەدر لەعێراق. سێیەم: لایەندارێتی بۆ (عەلی خامنەیی) رابەری شۆڕشی ئیسلامی ئێران یاخود لایەندارێتی بۆ ویلایەتی فەقیهی ئێران. هەرچەندە ئەم ئاراستانە لەچەند پرسێکی ئاینی وسیاسی جیاوازن ودید وتیڕوانینی چوونیەکیان نیە؛ بەڵام لەبنەڕەتدا کۆکن لەسەر مانەوەی هەژموونی ئاینزایی شیعە وسیاسەتی شیعەگەرایی وپێدانی مۆرکی ئاینی ئیسلامی شیعی بەسیستەم وجۆری حوکمڕانی لەعێراقدا.

دوای ئەو سەرکەوتنە گەورانەی حەشدی شەعبی لەجەنگی دژ بەداعش بەدەستیانهێنا ولەمەیدانی جەنگدا کارامەیی ولێهاتوویی خۆیان سەلماندو، فەرماندەکانیان کۆنترۆڵی تەواوی بەرەکانی جەنگ ودانانی پلانی سەربازی وئەمنیان کرد؛ ئامانجیان لەخواستی سەربازیەوە گواستەوە بۆ کۆنترۆڵکردنی پرۆسەی سیاسی یاخود بەلایەنی کەمەوە بەشداری کارا لەپەیکەری فەرمانڕەواییدا. ئەم خواستی کۆنترۆڵکردن وبەشداریکردنە لەپێش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی (١٢ئایاری ٢٠١٨) بەدەرکەوت. گروپە چەکدارە باڵادەست وکاریگەرەکانی ناو حەشدی شەعبی لەژێر ناوی قەوارەو لیستی هەڵبژاردندا خۆیان یەکخستەوە. لە بەناوبانگترین ئەو قەوارانە؛ قەوارەی (فەتح) بەسەرۆکایەتی (هادی عامری)و قەوارەی (سائیرون)ی سەر بە (موقتەدا سەدر). یەکەمیان هەڵگری شوناسێکی تەواوی گروپەکانی ناو حەشدی شەعبیە. ئەم قەوارەیە لەنزیکەی (١٨) گروپی چەکداری وحزبی پێکهاتووە. لەگرنگترینیان (رێکخراوی بەدر، عەسائیبی ئەهلی حەق، بزوتنەوەی ئیسلامی عێراق، بزوتنەوەی جیهادو بونیادنانەوە)ن. واتە ئەم قەوارەیە لەبنەڕەتدا لەگروپە چەکدارە بەهێزەکانی حەشدی شەعبی پێکهاتووەو زۆرترین کاریگەری ئێرانیان بەسەرەوەیە. (فلیب، ٢٠١٧). قەوارەکە لەهەڵبژاردنی (٢٠١٨)ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق توانی (٤٧) لەکۆی (٣٢٩) کورسی پارلەمانی بەدەستبخات. (نتائج انتخابات مجلس النواب العراقي: ٢٠١٨). لیستی سائیرونیش بە بردنەوەی (٥٤) کورسی پلەی یەکەمی بەدەستهێنا. ئەمە جگە لە لیستی (دەوڵەتی یاسا) بەسەرۆکایەتی (نوری مالکی)و، لیستی (سەرکەوتن) بەسەرۆکایەتی (حەیدەر عەبادی) کەبەهەردوکیانەوە نزیکەی (٦٨) کورسیان بەدەستهێنا. (نتائج انتخابات مجلس النواب العراقي: ٢٠١٨). وەك دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکە دوو کوتلەی پارلەمانی گرنگ پێکهات. کوتلەی (چاکسازی وبونیادنانەوە) کە لەهەریەکە لە لیستەکانی (سائیرون، نەسر، رەوتی حیکمە، لیستی نیشتیمانی، هەروەها چەند پارلەمانتارێکی پێکهاتەی سوننەو مەسیحی ویەزیدی) پێکهات. کوتلەی (بونیات) کە لەلیستەکانی هەر یەکە لە (فەتح، دەوڵەتی یاسا، جگە لەچەند پارلەمانتارێکی نەسرو رەوتی نیشتیمانی وحیکمە) پێکهات.

هەرچەندە کوتلەی چاکسازی وبونیادنانەوە گەورەترین کوتلەی پارلەمانیان پێکهێنا؛ بەڵام بەهۆی ململانێی سیاسی وناکۆکی وجیاوازی ستراتیژی کارکردن ولایەندارێتی ئایدیۆلۆژی وسیاسی وئاینی وپەیوەندییە هەرێمی ونیودەوڵەتییە جیاجیاکانی نیوان هەردوو کوتلە سەرەکیەکە؛ نەیانتوانی لەنێوان خۆیاندا کەسێك بۆ پێکهێنانی حکومەت راسپێرن، بۆیە وەك چارەسەرێکی مامناوەندی ریککەوتن لەسەرئەوەی کەسێکی بێلایەن وتەکنۆکرات بۆ پێکهێنانی حکومەت راسپێرن بەمەرجێك هەمووان رەزامەندبن لەسەری. لەئەنجامدا لە(٢٠١٨/١٠/٢٤) پارلەمانی عێراق متمانەی بە(عادل عەبدولمەهدی) وەك سەرۆك وەزیران و(١٤) وەزیریش لەگەڵیدا؛ بەخشی. بەم جۆرە کابینە نوێیەکە بەنیوەناچڵی پێکهات. (مجلس النواب يمنح الثقة للسيد عادل عبد المهدي رئيس مجلس الوزراء و١٤ وزيرا).

هەرچەندە پۆستی وەزارەتەکانی دیکە لەلایەن پارلەمانی عێراقەوە متمانەیان پێبەخشرا، بەڵام بەهۆی ناکۆکی ورێکنەکەوتنی نێوان لیستە براوەکان بەتایبەت (فەتح وسائیرون) هەردوو پۆستی وەزارەتی (ناوخۆ و بەرگری) هێشتا بەوەکالەت لەلایەن سەرۆك وەزیرانەوە بەڕێوە دەبرێت. هەڵبەتە لەم نێوەندەدا فەرماندە دیارو پلە یەکەکانی گروپە چەکدارەکانی ناو حەشدی شەعبی هیچ پۆستێکی وەزاری و کاریگەریان وەرنەگرت ئەوەش لەبەر ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:

١- ناكۆكی وجیاوازی ئایدیۆلۆژی وبەرژەوەندی سیاسی ولایەنداریّتی هەمەجۆری نێوانیان.

٢- نەبوونی متمانە لەنێوانیاندا؛ هەرچەندە گروپە چەكدارەكان لەناو دەستەی حەشدی شەعبیدا كۆكراونەتەوەو بەفەرمی لەلایەن فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانەوە(سەرۆك وەزیران) بەڕێوەدەبرێت، بەڵام لەپراكتیكدا ئەمانە گروپگەلی جۆراوجۆرو خاوەن تێڕوانین ولایەنداریّتی جیاوازن ئەوەش وایكردووە متمانەیەكی پتەو لەنێوانیاندا نەبێت.

٣- ترس لەسیاسەتی ئەمریكا وهەڵوێستی دەربارەی حكومەتەكەی (عادل عەبدولمەهدی) وئاستەنگ دروستكردن بۆی، چونكە ئەمریكا خوازیاری باڵادەستی كەسایەتییە دیارەكانی ناو حەشد نییە؛ بەتایبەت هەندێك لەوانەی تۆمەتبارن بەهێرشكردنە سەر هێزەكانی ئەمریكا لەعێراق كە پۆستە ئیداری وەزارییەكان بەدەستەوە بگرن.

٤- دەستێوەردانی ئێران لەكاروباری ناوخۆیی عێراق وپلانی ئەو وڵاتە كە دەیەوێت فەرماندە دیارو گروپە چالاك وبەهێزەكانی ناو حەشد زیاتر هەژموونیان بەسەر دامەزراوە سەربازیی وئەمنیەكاندا هەبێت وژێربەژێر وەك هێزی فشار بمێننەوە زیاتر لەوەی لەسەر ئاستی حكومەت پۆستی فەرمی بەدەستەوە بگرن.

٥- ڕەواندنەوەی ئەو مەترسییەی لای پێكهاتەی سوننەو كورد دروستبووە لەوەی كەحكومەت لەلایەن فەرماندە باڵادەستەكانی حەشدەوە كۆنترۆڵ بكرێت.

٦- هەنگاونان بۆ كرانەوەی سیاسەتی دەرەوەی عێراق بەرووی وڵاتانی عەرەبی بەتایبەت وڵاتانی كەنداوی عەرەبی وگەڕانەوە بۆ ناو پانتای جیۆستراتیژی عەرەبی لەڕێگەی حكومەتی تەكنۆكراتەوە.

هەرچەندە فەرماندە دیارو كاریگەرەكانی ناو حەشد پۆستی باڵای حكومیان بەدەستەوە نەگرتووە، بەڵام لەڕێگەی ئەو هێزە ژمارەییەی كە لەناو هۆڵی پارلەماندا هەیانەو، هەروەها ئەو هێزە ڕێكخراوەیی وچەكدارییەی كە هەیانە دەتوانن بەئاسانی كار لەسیاسەتی حكومەت بكەن وبشتوانن ستراتیژو پلانی خۆیان تارادەیەكی گەورە جێبەجێبكەن. بەڵام لەپاڵ ئەمەشدا هێشتا سەركردەكانی حەشدی شەعبی ترسی پەراوێزخستن ودوورخستنەوەیان لەژیانی سیاسی لانەڕەویوەتەوە، بەتایبەتی هەندیك لەحزب ومیلشیاكانی وەك (عەسائیب و حزبوڵڵاو بزوتنەوەی نوجەبا) كەلایەن ئەمریكاوە لەناو لیستی تیرۆردان وتاوانبارن بەئەنجامدانی شەڕی تایفی وهێرشكردنە سەر بەرژەوەندیەكانی ئەمریكا لەعێراق ئەمە لەلایەك، لەلایەكی دیكەشەوە وەك میلیشیاو گروپی چەكداری سەر بەئێران دادەنرێن وكار بۆ جێبەجێكردنی پرۆژەی پانشیعزیمی وپرۆژەی جیۆستراتیژی وجیۆئابووری ئەو وڵاتە دەكەن لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

## باسی دووەم: داهاتووی حەشدی شەعبی:

هەرچی تایبەتە بەداهاتووی حەشدی شەعبیەوە، ئەوا وەك ئەنجامگیریەك بۆ هەموو ئەوانەی لەسەرەوە باسمانكردن، دەتوانین سێ سێناریۆ بۆ داهاتووی حەشد دیاریبكەین:

**یەكەم: سیناریۆی هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی:**

بەتێڕوانین لەهێزو پێگەی حەشدی شەعبیو ئەو سەركەوتنە گەورانەی بەرامبەر (داعش) تۆماری كرد لەپرۆسەی ئازادكردنی پارێزگاكانی ئەنبارو سەلاحەدینو موسڵ، هەروەها ئەو پاڵپشتیو یارمەتیە لۆجستیو دارایو سەربازیو مەزهەبییانەی كە لەلایەن ئێرانو نوخبەی ئاینی شیعیو حزبە سیاسیە شیعیانەی عێراقو بنكەی جەماوەری بۆ حەشدی شەعبی فەراهەم بووە، ئەم سیناریۆیە، سیناریۆیەكی دوورە لەواقعو ئەگەری زۆر لاوازی ڕوودانی هەیە. لەڕاستیدا هەڵوەشاندنەوەی ئەم هێزە ئەگەرێكی زۆر لاوازە، بەڵام هێشتا ناتوانرێت بەرەهایی ئەم دیدە قبوڵبكرێت؛ چونكە حەشدی شەعبی بۆ خۆی لەسەر بنەمای فەتوا بەناوبانگەكەی سیستانی دروستبوو بەمەبەستی بەرپەرچدانەوەی مەترسی داعشو پاراستنی شوێنە پیرۆزەكانی شیعە لەعێراق، لەكاتێكیشدا ئەگەر سوپاو دامەزراوە ئەمنییەكانی عێراق لەداهاتوودا بتوانن خۆیان بەباشی ڕێكبخەنەوەو بەهێزبن، حكومەتی عێراقیش كۆنترۆڵی بەسەریاندا بسەپێنێت، ڕەنگە بەفەتوایەكی دیكە ئەم هێزە هەڵبوەشێنرێتەوە. زیاد لەمەش هەندێك هەڵوێستی نێودەوڵەتی وهەرێمی وناوخۆیی پێداگری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی دەكەن. بەتایبەتی ئەمریكا

چەندینجار ئەوەی دووپاتکردووەتەوە کەدەبێت چەك تەنها لەدەستی سوپا وهێزە فەرمییەکانی عێراقدا کۆبکرێتەوە. لەلایەکی دیکەشەوە کوتلەی (چاکسازی وبونیادنانەوە) لەپەرلەمانی عێراق لەگەڵ ئەوەدایە کەگروپەکانی ناو حەشدی شەعبی بەتەواوەتی لەناو دەزگا سەربازی وئەمنییەکانی عێراق رێکبخرێنەوە بەشێوەیەکی تەواوەتی هەژموون و باڵادەستی ئەوکەس ولایەنانەی سەر بەئێرانن لەناو حەشدی شەعبیدا دوور بخرێنەوە. (مجدي، ٢٠١٧)؛ بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە نەحکومەتی عێراق ئەوەندە بەهێزە بتوانێت ئەوە بکات، نەسوپای عێراق‌و دامەزراوە ئەمنیەکانیشی ئەوەندە پیشەیین بتوانن لەداهاتوویەکی نزیکدا خۆیان رێکبخەنەوەو جڵەوی دۆسیەی ئەمن‌و ئاسایشی ناوخۆ ودەرەوەی عێراق لەئەستۆبگرن، جگە لەوەش ئەم دامەزراوە ئەمنیانە بەئاسانی لەلایەن سەرکردەکانی حەشدی شەعبیەوە دەبڕدرێن‌و؛ زۆرجاریش بۆ مەبەستی پرۆژەی پانشیعیزمی خۆیان بەکاریاندەهێنن. بۆیە سیناریۆی هەڵوەشاندنەوەی حەشدی شەعبی سیناریۆیەکی دوورەو چاوەڕێ ناکرێت لەسەر گۆڕەپانی سیاسی عێراق نەمێنن.

**سیناریۆی دووەم: تێکەڵکردنی حەشدی شەعبی بەدامەزراوە سەربازی‌و ئەمنیەکانی عێراق:**

ئەم سیناریۆیە یەکێکە لەسیناریۆ بەهێزەکان، زۆرێك لەسیاسەتمەدارو کەسایەتی ناسراوی عێراقی لەگەڵ ئەوەن کەئەندامان‌و چەکدارەکانی ناو حەشدی شەعبی تێکەڵ بەسوپاو دامەزاروە ئەمنیەکانی عێراق بکرێنەوە، بەتایبەت ئەوانەی لەرووی جەستەییەوە بەتوانان‌و توانای خزمەتکردنیان هەیە لەرێزەکانی سوپاو پۆلیس‌و دامەزراوەکانی دیکە، هەروەها ئەوانەش کەتوانای خزمەتکردنیان نەماوەو تەمەنیان رێگەی ئەوکارەیان پێنادات، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو خزمەتەی لەناو هێزە جیاجیاکانی حەشدا کردوویانە خانەنشین بکرێن‌و، ئەوانەشی لەناو دامەزراوە جیاجیاکانی حکومەتی عێراقیدا فەرمانبەرو کاربەدەست بوون بگەڕێنەوە سەر کارەکانی پێشووی خۆیان. (موقتەدا سەدر) یەکێکە لەلایەنگرانی ئەم سیناریۆیە، ئەو چەندینجار ئەوەی راگەیاندووە کەدەبێت چەك تەنها لەدەستی دەوڵەتدا بێت‌و، حەشدی شەعبیش دەبێت لەناو سوپای عێراقدا بتوێتەوە.( الصدر: يجب دمج الحشد الشعبي بالجيش العراقي، ٢٠١٧).

بەهەمان شێوە؛ (ئەیاد عەلاوی) هەمان بۆچوونی موقتەدا سەدری هەیە بەوەی کە: « ئەوان دژی حەشدی شەعبی نین، بەڵام رۆڵەکانی ناو حەشدی شەعبی ئەوانەی کەئارەزوو دەکەن لەبواری ئاسایشدا کاربکەن دەبێت بچنە ناو سوپاو پۆلیس‌و پۆلیسی فیدراڵیەوە، چونکە دروستکردنی هەر دامەزراوەیەکی ئەمنی دیکە لەدەرەوەی دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەت دەبێتە مایەی قوڵکردنەوەی زیاتری کێشەکانی عێراق. ( علاوي: الحشد الشعبي توسيع لمشاكل العراق).

**سینارۆی سێیەم: مانەوەی حەشدی وەك خۆی:**

لەراستیدا مانەوەی حەشدی شەعبی وەك ئەم بارودۆخەی کەئێستا هەیەتی زیاتر لەواقیعەوە نزیکترە. بەشێوەیەکی فەرمی رووکەش لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراقدا بن، بەڵام لەپراکتیکدا فەرماندەو سەرکردە دیارەکانی ناو حەشدی شەعبی بەتایبەتی ئەوانەی لایەندارێتی توندیان بۆ ئێران و ویلاتی فەقیهی ئێرانی هەیە وەك (هادی عامری، مەهدی موهەندیس، قەیس خەزعەلی) حەشدی شەعبی لەژێر هەژموون و باڵادەستی خۆیاندا بهێڵنەوەو بیکەنە هێزێکی هاوشێوەی سوپای پاسدارانی ئێران. هەڵبەتە ئەم خواستە خواستێکی ئێرانییە؛ چونکە مانەوەی حەشدی شەعبی وەك ئەم بارودۆخەی ئێستای خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی دەکات نەك تەنها لەعێراقدا، بەڵکو لە وڵاتانی دیکەی وەك (سوریا، لوبنان، یەمەن، بەحرەین)و وەك کارتی فشاریش بەکاریانبهێنێت بۆ سەر وڵاتی سعودیەو ئیمارت.

## دەرئەنجام

گرنگترین ئەنجامەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

١- هەموو میلیشیاکانی ناو حەشدی شەعبی راستەوخۆ دوای فەتوا بەناوبانگەکەی (عەلی سیستانی) گەورە مەرجەعی شیعەکانی عێراق دورستنەبوونە، زۆرێك لەم میلیشیایانە پێش ئەو فەتوایەو؛ تەنانەت پێش رووخانی رژێمی پێشووی عێراقیش بوونیان هەبووە، بەڵام پاش ئەو فەتوایە رەوایەتییەکی ئاینی وسیاسی وياساییان بۆ خۆیان دەستەبەرکرد. لەهەمان کاتیشدا لەرێگەی باڵادەستی وهەژموونی سەربازی وسیاسی خۆیانەوە بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری پرۆسەی سیاسی دەکەن. ئەنجامی هەڵبژادنی (ئایاری ٢٠١٨) بەڵگەی ئەو بەشدارییە کاراییەی ئەوانە.

٢- دروستبوونی رێکخراوی تیرۆریستی (داعش) تاکە هۆکاری پشت دروستبوون وکاریگەری ئەم میلیشیایانە نەبوو؛ بەڵکو رووخانی رژێمی پێشوو لەسەر دەستی ئەمریکاو هاوپەیمانەکانی وبوونی هێزە بیانییەکان لەعێراق و؛ کاریگەری ئێران و، سروشتی پرۆسەی سیاسی و، خراپی بارودۆخی ئابووری هۆکارگەلێکی دیکەی پشت دروسستبوونی زۆرێك لەمیلیشیاکانی ناو حەشدی شەعبین.

٣- میلیشیاکانی ناو حەشدی شەعبی لەرووی ستراتیژی کارکردن، ئاراستەی ئایدۆیۆلۆژی، ئاستی پەیوەستی و لایەندارێتی جیاوازو یەك جۆرنین. بەشێوەیەکی سەرەکی بەسەر سێ ئاراستەی ئاینی-سیاسیدا دابەشبوون: ئاراستە یان هێڵی (عەلی سیستانی)، ئاراستەی ویلایەتی فەقیە یاخود (عەلی خامنەیی)، ئاراستەی (موقتەدا سەدر) رابەری رەوتی سەدر؛ بەڵام هەر سێ ئاراستەکە کۆکن لەسەر مانەوەی باڵادەستی وهەژموونی پێکهاتەی شیعە بەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی لەعێراقدا.

٤- هەرچەندە میلیشیاکانی ناو حەشدی شەعبی لەرێگەی دامەزراوە فەرمییەکانی سیستەمی سیاسی عێراقەوە جۆرێك لەرەوایەتی یاسایی وسیاسییان بەدەست خستتوە بۆ خۆیان، بەڵام ئەم رەوایەتییە هاوکاتە لەگەڵ هێزو سەپاندنی ئیرادەی پێکهاتەیەك بەسەر ئەوانی تر داو، سوود وەرگرتن لەهێزی ژمارەیی دیمۆگرافی پێکهاتەی شیعە بۆ ئەم مەبەستە. واتە ئەم پرۆسەی شەرعیەت پێدانە ئەوەندە رەهەندێکی شەرعاندنی هەیە ئەوەندە رەهەندێکی دەستووری یاسایی نیە.

٥- هەڵوێستی ناوخۆیی وهەرێمی ونێودەوڵەتی لەمەڕ میلیشیاکانی ناو حەشدی شەعبی هەڵوێستگەلێکی جیاوازە. بەشێوەیەکی گشتی هەڵوێستی ناوخۆی عێراق لەهەڵوێستی هەموو پێکهاتەکانی عێراق پێکهاتووە. کورد هەڵوێستی دوو دڵی ونادڵنیایی لەسەر زۆرێك لەو میلیشیایانە هەیەو بەمەترسی دایدەنێت بۆ سەر پرسی پێکەوەژیان وسەقامگیری لەعێراقدا، بەهەڕەشەش دەیبینێت بۆ سەر داهاتووی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم. پێکهاتەی سوونەش تارادەیەك هەڵوێستیان لەهەڵوێستی کوردەوە نزیکە بەتایبەت لە پارێزگاکانی (موسڵ،ئەنبار، دیالە، سەلاحەدین). پێکهاتەی تورکمان هەرچەندە لەرووی مەزهەبەوە بەسەر سوننەو شیعەدا دابەشبوون، بەڵام زۆرینەیان لەگەڵ حەشدی شەعبیدان وخاوەن دوو لیوای چەکداری تایبەت بەخۆشیانن لەناو حەشدا. سوودی گەورەی سیاسی وسەربازیشیان لەحەشد بینی بۆ بەهێزبوون ودووبارە خۆرێکخستنەوە بەتایبەت لەدوای رووداوەکانی (١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٧)هوە. هەرچی پەیوەندی بەهەڵوێستی هەرێمیشەوە هەیە ئەوا تورکیا لەسەرەتادا هەڵوێستی توندی بەرامبەر بەمیلیشیاکانی ناو حەشد هەبوو بەتایبەتی لەسەرووبەندی ئازادکردنی شاری موسڵ وتەلعەفەر؛ بەڵام دوای ریفراندۆمەکەی هەرێمی کوردستان ئەو توندییەی نەماوەو خۆی دەپارێزێت لەناوهێنان وباسکردنیان. شانشینی عەرەبی سعودییەش خاوەن هەڵوێستی توندە بەرامبەر بەحەشدو بەهەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری وئارامی ناوخۆیی وڵاتەکەی و وەك میلیشیاو گروپی مەزهەبی سەر بەئێران دایاندەنێت. جیاواز لەم دوو وڵاتە؛ ئێران هەموو فشارو هەوڵێك دەدات بۆ مانەوەو بەهێزی زۆرێك لەم میلیشیایانە بەتایبەت ئەوانەی بەئاشکرا لایەندارێتیان بۆی هەیە. هەرچی هەڵوێستی نێودەوڵەتیشە بەتایبەت رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ وئەمریکا بوونی ئەم میلیشیایانە بە هەڕشە ومایەی مەترسی دەبینن بۆ سەر پرسی ئاشتەوایی نیشتیمانی لەعێراق بەتایبەت پاش نەمانی داعش. زیاد لەمە ئەمریکا هەمیشە فشار دەخاتە سەر حکومەتی عێراق بۆ ئەوەی هەندێك لەم میلیشیایانە لەژیانی سیاسی دوور بخاتەوەو دووبارە بەشێوەیەکی کردارەکی بیانخاتەوە ژێر رکێفی یاساو رێساکانی دەوڵەتەوە.

٦- پێگەو رۆڵی حەشدی شەعبی لەناو پرۆسەی سیاسی عێراقدا گەورەو کاریگەرە. بەتایبەت لەدوای هەڵبژاردنی (ئایاری ٢٠١٨)هوە زۆربەی

ئەو میلیشیایانە لەرێگەی باڵی سیاسیانەوە توانیان رای گشتی شەقامی عێراق بەلای خۆیاندا رابکێشن ودەستکەوتەکان وسەرکەوتنەکانی جەنگیان بەسەر داعشدا کرد بەگوتاری سیاسی وژمارەیەکی زۆری کورسی پارلەمانیان بۆ خۆیان بردەوە. لەم رێگەیەشەوە هەژموونی سیاسی وسەربازی خۆیان بەسەر پرۆسەی سیاسیدا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ سەپاندووە.

٧- داهاتووی میلیشیاکانی ناو حەشدی شەعبی؛ تاماوەیەکی زەمەنی تارادە دوور وەك ئەوەی ئێستا لەسەر گۆڕەپانی سیاسی وسەربازی وئابووری وکۆمەڵایەتی هەیە؛ وەکو خۆی دەمێنیتەوە. زۆربەی ئاماژەکانیش نەك پاڵپشتی ئەم سیناریۆیە دەکەن؛ بەڵکو بۆ ئەوە دەچن کەئەم میلیشیایانە زیاتر باڵادەست وهەژموونگەرا تربن بەسەر کۆی پرۆسەی سیاسی وسەربازی وئابووری وتەنانەت پەیوەندییە دەرەکییەکانی عێراقیش.

## پەراوێزەکان

[I] لێرە بەدواوە دەستەواژەی (داعش) لەناو ئەم توێژینەوەیەدا بەکاردێت بۆ ئاماژەدان بەرێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەشامو عێراق.

[II] لێرە دەستەواژەی داگیرکردن لەبری ئازادکردنی عێراق بەکاردەهێنین، چونکە لەرووی ئەکادیمیەوە دروست ترە، ئەوەش لەبەر رۆشنایی ئەوەی کەبەشێوەیەکی فەرمی لەبەرواری (٨ ئایاری ٢٠٠٣) هەردوو نوێنەری هەمیشەیی ئەمریکاو بەریتانیا نامەیەك دەدەنە سکرتێری گشتی ئەنجومەنی ئاسایش و؛ داوا دەکەن، بەپێی یاسای نێودەوڵەتی، مامەڵە لەگەڵ عێراقدا بکەن لەرووی ئەو دەسەڵات و پابەندبوون وبەرپرسیارێتیە دیاریکراوانەوە کە وەك دوو دەوڵەتی داگیرکەر دەکەوێتە سەر شانیان. بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: الامم المتحدة، مجلس الامن، القرار (١٤٨٣) الذي اتخذه مجلس الامن في جلسته (٤٧٦١) العقودە في (٢٢ آيار ٢٠١٣).

## لیستی سەرچاوەکان


بەزمانی کوردی

یەکەم: ئینتەرنێت:

١-پەرلەمانتاران داوای لێکۆڵینەوە لە پێشێلکاری میلیشیا شیعەکان لەکەلار دەکەن:

.https://www.sbeiy.com/newsdetail٣aspx?jimare=٣٩٣٨١

٢- یەکێتی و پارتی لە (١٦)ی ئۆکتۆبەردا چی بە یەکتر دەڵێن؟

.https://www.sbeiy.com/Details.aspx?jimare=٩٦٦٦

بەزمانی عەرەبی

یەکەم: یاساو بڕیارەکان:

١-جمهورية العراق، الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ٢٦ في ٦/٧/ ٢٠١٤:

.http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=4954

٢-جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ٢٩ في ٢٢/٧/٢٠١٤:

.http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=5026

٣- جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ٣٠ في ٠٥/٠٨/٢٠١٤:

.http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=5062

٤- جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ٤ في ٣٠/٩/٢٠١٤:

.http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=5294

٥-جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ٩في ١١/١١/ ٢٠١٤:

.http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=5417

٦- جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ١في ١/٧/ ٢٠١٥:

http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=5633

٧- جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراء للجلسة رقم ٨ في ٢٤/٢/٢٠١٥:

.http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=5856

٨- جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، (١٠) مليار دينار تخصيصات تمويل موازنة الإخلاء الطبي لجرحى العمليات العسكرية والحشد الشعبي: http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=6737

٩- جمهورية العراق: الامانة العامة لمجلس الوزراء، قرارات مجلس الوزراءللجلسة رقم ١٤في ٤/٧/ ٢٠١٥:

.http://www.cabinet.iq/ArticleShow.aspx?ID=6040

١٠- قانون رقم (٤٠) لسنة ٢٠١٦: قانون هيئة الحشد الشعبي: جريدة الوقائع العراقية، العدد (٤٤٢٩) في ٢٦/١٢/٢٠١٦.

دووەم: کتێب

١-دايار، جوين: الفوضى التي نظموها: الشرق الاوسط بعد العراق، ترجمة: بسام شيحا، ٢٠٠٨،ط١، الدار العربية للعلوم الناشرون، لبنان- بيروت.

٢- حسن، حارث: الازمة الطائفية في العراق: إرث من الاقصاء، ٢٠١٤،ط١، مركز كارنيغي للشرق الاوسط، لبنان-بيروت.

٣-الخيون،رشيد: لاهوت السياسية: الأحزاب والحركات الدينية في العراق، ٢٠٠٩،ط١، دراسات العراقية: منشوارت الجمل، بغداد- اربيل- بيروت.

٤- فهمي،احمد: صراع المصالح في بلاد الرافدين، ٢٠٠٨، ط١،سلسلة كتاب مجلة البيان، مصر.

٥- مجموعة باحثين/ حالة الأمة العربية (٢٠١٤-٢٠١٥) الأعصار: من تغيير النظم الى تفكيك الدول، ٢٠١٥، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت.

٦- الهاشمي، محمد والعطواني، صادق جمعة: شيعة العراق: مصادر القوة والتحديات: دراسة لأبرز التحولات السياسية لشيعة العراق بعد ٢٠٠٣، ٢٠١٤، ط١، مركز العراق للدراسات، مطبعة الساقي، بغداد.

٧- وحدة الرصد والتحليل، أزدياد دور الميليشيات في العراق وانعكاساته على العلاقات مع السعودية، بلا سنة طبع، مركز الفكر الاستراتيجي للدراسات، تركيا-اسطنبول.

سێیەم: گۆڤارو رۆژنامە

١-فريق الازمات العربي، الأزمة العراقية الى اين؟ مجلة مركز دراسات الشرق الاوسط، العدد التاسع، ايلول ٢٠١٥، الاردن.

٢- مصطفى، حمزة: كتائ بحزب الله في العراق: جدلية الدين والسياسة: ميليشيا جديدة اسست عام ٢٠٠٧لتعكس شقيقتها في لبنان، جريدة الشرق الاوسط، العدد ١٣٣٢٠ في ١٨ مايو ٢٠١٥.

سێیەم: لێکۆڵینەوە، هەواڵ (ئینتەرنێت):

١- الحامد، رائد: الحشدالشعبي:خلفيات التشكيل،الدور والمستقبل، ١٢ ديسمبر ٢٠١٦، مركز الفكر الاستراتيجي للدراسات:

.https://fikercenter.com/political-analysis/popular-mobilization-forces

٢- الحامد، رائد: الحشدالشعبي: القوة النظامية البديلة في العراق، ٢٤مارس ٢٠١٦، مركز الجزيرة للدراسات:

.http://studies.aljazeera.net/ar/reports/2015/01/201511141532221465.html

٣- الحطاب،جواد: حل كتائب حزب الله المجاهدون في العراق:٢٧/٨/٢٠١٤: قناةالعربية:

.Www. Al-Arabiya.net/ar/arab-and-world

٤- حميد، صالح: ميليشيا عصائب أهل الحق العراقية تابع خامنئي:

.http://www.alarabiya.net/ar/iran/2014/11/07

٥- الحشد الشعبي في العراق: النشاة والمستقبل: دراسة استقصائية:

.٥٣٧٦٦/www.qasioun.net/ar/news/show

٦- خمسجي، محمود: دور التركمان في صفوف الحشد الشعبي في العراق، ٢٠١٧/١٠/٦:

http://www.bbc.com/arabic/middleeast-41532165

٧- ريسان، مشرق:مشروع قانون برلماني يلزم الحكومة بإخراج القوات الأمريكية من العراق، ٢٠١٩/١/٣٠،القدس العربي:

https://www.alquds.co.uk/%D9%85%D8%B4%D8%B1%D9%88%D8%B9-

.٨٦ ٪D٩ ٪٨٨ ٪D٩ ٪٨٦ ٪D٩ ٪A٧ ٪D٨ ٪٨٢ ٪٪ D٩

٨- زلغوط، حسن: ميليشات الحشد الشعبي الشيعية العراقية: من هي؟ ولمن تتبع؟:

.http://raseef22.com/politics/2015/02/25/iraqi-militias-identity-and-affiliation

٩- سميث، فليب: الميليشيات الإيرانية في مجلس النواب العراقي: النتائج السياسية والرد الأمريكي، ١١ حزيران٢٠١٨، معهد واشنطن لسياسة الشرق الادني:

https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/view/iranian-militias-in-iraqs-parliament-political-.outcomes-and-u.s.-response

١٠- طارق، مجدي: مابعد داعش:مستقبل الحشد الشعبي. ١٧ اوكتوبر ٢٠١٨، المركز العربي للبحوث والدراسات:

.http://www.acrseg.org/40966

١١- عبدالله العوين، محمد: قصة داعش من التوحيد والجهاد إلى الخلافة المزعومة:

http://www.al-jazirah.com/2014/20140721/ln41.htm

١٢- عدلي، احمد: مأسسة الطائفية: تداعيات إدماج «الحشدالشعبي» في الجيش العراقي، ٢٩ نوفمبر٢٠١٦، المستقبل: الأبحاث والدراسات المتقدمة: . https://futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/2197

١٣- ماثيو ليفيت وفليب سميث، كتائب الامام علي: لمحة عن ميليشيا شيعية عراقية متشددة تحارب داعش، معهد واشنطن لسياسة الشرق الادني:

www.Washingyoninstitute.org/ar/policy-analsis/view/kataib-al-imam-ali-portrait-of-a-iraq-shite-militant-.group-fighitng-isis

١٤- منصور، ريناد: المأزق السني في العراق: مركز كارينغي للشرق الاوسط:

.http://carnegie-mec.org/2016/03/03/ar-pub-62945

١٥- ناجي، فرات: عصائب أهل الحق: موسوعة الرشيد:

.http://alrashead.net/index.php?derid=1329&partd=24

١٦- وحيد، مروة: تكريس النفوذ: السياسات الإيرانية في عراق مابعد داعش، ٢١يوليو٢٠١٤، الأبحاث والدراسات المتقدمة: https:// futureuae.com/ar-AE/Mainpage/Item/238

١٧- ياموت، خالد: حركة النجباء العراقية: تنظيم غامض في ساحة الارهاب، جريدة الشرق الاوسط، العدد (١٤٢٥١) ٢٠١٧/١٢/١٦:

https://aawsat.com/home/article/1102306.

١٨- (المقاومة الاسلامية في العراق: كتائب حزب الله) ٢١ اب ٢٠٠٧:
.http://1.bp.blogspot.com/-jv5KI041xP0/VCXIttw-buI
١٩- إعلان الدولة الإسلامية في العراق والشام أميرالمؤمنين أبوبكر الحسيني:
https://www.youtube.com/watch?v=1CukB6APYJ8
٢٠- أم بي سي العراق. طريق السعودية لعقول وقلوب أهل بلاد الرافدين:
https://www.aljazeera.net/news/arts/2019/2/17
٢١- أول حوار تلفزيوني مع أردوغان بعدالاستفتاء على تغيير نظام الحكم، برنامج بلا حدود، قناة الجزيرة، ٢٠١٧/٤/٢٠:
https://www.youtube.com/watch?v=CKVrk4qx9q8
٢٢- البنتاجون يقر باختراق مسلحين عراقيين لبيانات طائرات لاستطلاع:
.http://www.bbc.co.uk/arabic/middleeast/2009/12/091218_us_drones_tc2.shtml
٢٣- تركيا تحذّر الحشدالشعبي: يستهدفون مناطق السنة.. وسندافع عن التركمان:
https://arabic.cnn.com/middleeast/2016/10/27/turkey-iraq-war
٢٤- تركيا تحذر من تسليم الموصل للحشد الشعبي، شبكة الجزيرة الاعلامية:
http://www.aljazeera.net/news/international/2016/10/20
٢٥-تنظيم الدولةالاسلامية: كيف بدأ وإلى أين انتهى: ٢٩ حزيران٢٠١٧:
http://www.bbc.com/arabic/middleeast-40375390
٢٦- تقرير كامل عن لواء ابو الفضل العباس: منتديات شيعة الحسين العالمية:
.www.she3a-alhusen.com/showthreat.php?t==41519
٢٧-التوحيد والجهاد ودلالات مبايعة البغدادي والبراء من المقدسي:
http://www.islamist-movements.com/3105
٢٨-الجبير: الحشد الشعبي طائفي وتقوده إيران:
.http://www.skynewsarabia.com/web/article/853662
٢٩-حركة النجباء العراقية على لائحة الإرهاب الأميركية:
https://www.alarabiya.net/ar/arab-and-world/iraq/2019/03/06
٣٠-حركة النجباء.. حزب الله في نسخته العراقية:
https://www.aljazeera.net/encyclopedia/movementsandparties/2016/9/13
٣١- حركة عصائب أهل الحق تتبرأ من تبعيتها لايران:
.http://www.nrttv.com/ar/Detail.aspx?Jimare=16840
٣٢- الحشد الشعبي: اتهام أمريكا بمساعدة داعش لا يستند على أدلة:
.http://www.rudaw.net/arabic/middleeast/iraq/0207201518
٣٣- الحشد الوطني: سنقاتل الحشد الشعبي بشراسة اذا اقترب من الموصل:
http://www.kurdistan24.net/ar/newsreader/63f249fe-a87e-4243-86ad-c45a0f0a939c
٣٤- الحشد يتهم أمريكا بدعم الدولة بالموصل عبر مظليين؟:
.http://arabi21.com/story/987845

٣٥- خريطة الميليشيات الشيعية المقاتلة في العراق، ساسة بوست:

http://www.sasapost.com/iraq-shia-militia/.

٣٦-الخزعلي: أميركا تسعى لتقسيم العراق عبر بوابة نينوى، الموقع الرسمي لهيئة الحشد الشعبي:

http://al-hashed.net/2016/09/12.

٣٧- الديمقراطي الكردستاني:إلغاء الحشد الشعبي مابعد داعش ضرورةوطنية لأمن و مستقبل العراق:

http://rssiraq.com/news

٣٨- الديمقراطي يتهم الحشد الشعبي بدعم حزب العمال الكردستاني:

http://www.nrttv.com/Ar/Detail.aspx?Jimare=42805

٣٩- السعودية: الحشد الشعبي مؤسسة طائفية يقودها إيرانيون:

http://www.elkhabar.com/press/article/116333.

٤٠- السفير التركي ببغداد يرفع راية الحشد الشعبي:٢٠١٧/٥/١٧:

https://baghdadtoday.news/news/1570

٤١- السيد علي السيستاني يعلن الجهاد الكفائي ويعتبر قتلى الوطن شهداء:

http://hajrnet.net/hajrvb/showthread.php?t=403029920

٤٢- الصدر: يجب دمج الحشدالشعبي بالجيش العراقي،على الموقع الالكتروني:

https://www.almowaten.net/2017/08/4

٤٣- طائرات أميركية تنفذ إنزالا في صحراء الأنبارو تنقل قادة بداعشإلى جهة مجهولة، الموقع الرسمي لهيئة الحشد الشعبي:

http://al-hashed.net/2016/09/26.

٤٤- العراق: موازنة الحشدالشعبي أكبر من اعتمادات المدن المحررة، ٢٠١٨/١١/٣٠:

https://www.alaraby.co.uk/politics/2018/11/29

٤٥- علاوي: الحشد الشعبي توسيع لمشاكل العراق،على الموقع الالكتروني:

https://www.baghdad-times.net/2016/11/30/

٢٦- عصائب أهل الحق:

http://www.alghadpress.com/ar/news/43536/%D8%B9%D8%B5%D8%A7%D8%A6%D8%A8-%D8%A3%D9%87%D9%84-%D8%A7%D9%84%D8%AD%D9%82.

٤٧-عصائب أهل الحق، موسوعة الجزيرة:

http://www.aljazeera.net/encyclopedia/movementsandparties/2014/12/10.

٤٨- فصيل من الحشد الشعبي يقصف قوات البيشمركة في سنجار:

http://www.rudaw.net/arabic/kurdistan/260120175

٤٩- قيادي في الحشد الشعبي: تركيا هي شعرة معاوية الموجودة في المنطقة: برنامج (فكر مرتين): قناة nrt العربية:

http://www.nrttv.com/AR/Detail.aspx?Jimare=38647

٥٠- قادر، هستيار: بوابة نحوالشيعةو جدار في وجه السنة:الكرد يتقدمون خطوة باتجاه الحشد الشعبي:

http://www.niqash.org/ar/articles/security/5420

٥١- كتائب حزب الله.. ميليشيا الدم في العراق: بوابة الحركات الاسلامية: نافذة لدراسة الاسلام السياسي والاقليات:

http://www.islamist-movements.com/28263

٥٢- كتائب بابليون:أول فصيل مسيحي مسلح في الحشد الشعبي العراقي:٢٠١٦/١٠/٢٢:القدس العربي:
.http://www.alquds.co.uk/?p=617870

٥٣- كلمة أبومحمدالجولاني ينفي علمه بقرار الدولة الإسلامية في الشام:
https://www.youtube.com/watch?v=pPFZ1_1AK7E

٥٤- لماذا ولاية الفقيه: الموقع الرسمي لكتاب حزب الله:
http://www.kataibhizbollah.com

٥٥- مجلس النواب يمنح الثقة للسيد عادل عبدالمهدي رئيس مجلس الوزراء و ١٤ وزيرا: ٢٤ اكتوبر٢٠١٨:
http://ar.parliament.iq/2018/10/24

٥٦- المفوضية العليا المستقلة للانتخابات، نتائج انتخاب مجلس النواب العراقي ٢٠١٨:
http://www.ihec.iq/page53.aspx

٥٧- المدير الاداري لكتائ بجند الامام ناظمالاسدي للشرق : لانحتاج الى دعم دولي وسنحرر ارضنا بأنفسنا: جريدة الشروق:
.http://alsharqpaper.com/news.php?action=view&id=26143

٦٨- مقابلة مع أيدن معروف: عضو المكتب السياسي في الجبهة التركمانية بالعراق والنائب في برلمان إقليم كوردستان، ترجمة وتحرير: أوميد عبدالكريم ابراهيم، قناة روداو الفضائية بتاريخ ٣١ كانون الثاني ٢٠١٧:
.http://www.rudaw.net/arabic/interview/30012017

٥٩- موقف كردي مفاجئ: مليشيات الحشدالشعبي الشيعية أخطر من داعش: ٢٠١٥/٣/١٧:
https://www.orient-news.net/ar/news_show/85943/0

**پێنجەم: بڕیارو ڕاپۆرتی ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان:**

١- الامم المتحدة، مجلس الأمن،القرار (١٤٨٣) الذي اتخذه مجلس الأمن في جلسته (٤٧٦١) المقعودة في (٢٢ آيار ٢٠٠٣).

٢- بيان اللجنة العراقية لحقوق الانسان في العراق: شبكة البصرة في (٣٠ تشرين الثاني ٢٠١٤).

٣- مجموعة ازمات الدولية: المجموعات شبه العسكرية في العراق: تحد لاعادة بناء الدولة فعالة، تقرير الشرق الاوسط رقم (١٨٨)، ٣٠ تموز٢٠١٨.

٤- هيومان راتيش وج: دمار مابعد المعركة: انتهاكات الميليشيات العراقية بعد استعادة تكريت، ايلول ٢٠١٥.

بەزمانی ئینگلیزی:

١- Amnesty International, Absolute Impunity: Militia Rule in Iraq, ٢٠١٤.

2- Duman, Bilgay: A new controversial actor in post- ISIS Iraq: AL-HASHED AL-SHAABI (The Popular Mobilization Forces, Center for Middle Eastern Strategic Studies, (ORSAM Report NO: 198) May 2015.

3- K. Gulmohamad, Zana: A short Profile of Iraq's Shia Militias, The JAMESTOWN FOUNDATION, Terrorism Monitor: In- Depth Analysis of the War on Terror, Volume 13, Issue 8, April 17,2015.

4- Legalizing Sectarianism: Consequences of corporating the popular Mobilization Forces into Iraqi Army, Future for Advanced Research &Studies, Abu DhabiNO.56. Aug 2016.

Mansor,Renad and A.jabar, halh: the popular mobilization forces and Iraq's future, Carnegie Endowment for

.International Peace, Middle East center, bierute- Lebanon, and 2017

Spyer, Jonathan: Tehran's Servants: Iraq's Shia Militias Emerge as the Key Armed Force Facing Islamic State in 5-
.(Iraq, Centre for the new Middle East: Policy Paper NO.6 (2015

## The position and the role of Popular Mobilization Forces in the Iraqi political system
## A political & analytical study

### Abstract

After the emergence and end of the terrorist organization (ISIS) in Iraq, there were changes qualitatively and quantitatively in political, military, security, economic and social conditions. Chief among them was the emergence and creation, and the strengthening of various sectarian and partisan militias and different groups in the country. As a result, most of these militias were gathered in the Popular Mobilization Committee, and then religious legitimacy was given by Shiite religious references (Shiite Marja) in Iraq and political and legal legitimacy by Iraqi Government and parliament. In war against ISIS terrorist organization, they played a significant role in liberating the occupied areas and cities. After the end of (ISIS), these militias started creating coalitions and political alliances among them and participated in the May 2018 elections of the Iraqi parliament and obtained many parliamentary seats in parliament. Thus, their weight and their political and military presence have deepened to a great extent; and the political process in Iraq was controlled by their hegemony and their strategic and ideological tendencies as well. However, Iraq›s internal attitudes as well as the regional and international attitudes remain different towards these militias. Therefore, their future becomes a very important issue in all Iraqi political and diplomatic arguments, as well as between regional and international organizations and countries and the Iraqi government.

This paper attempts to shed light on the aforementioned issues through three main sections. The first section is devoted to explain the reasons of the emergence of these groups and the popular militias and people's mobilization committee with reference to the most important and strongest of them. The second section is entitled (different attitudes of the internal and external of Iraq) towards those militias and people's mobilization committee in general. The third and last section talks about the role and status of these militias and their future within the Iraqi political system.